# بۆپێشەوە

FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

ساڵی چوارەم ژمارە(86) بەرواری 1–11–2020 بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت


بەرزو بەڕێزە یادی خەباتکارانەی هاوڕێ ئازاد ئەحمەد، کە حەوت ساڵ لەمەوبەر بەدەستی باندێکی چەپەڵ بەشێوەیەکی وەحشیانە گیانی لێ سەندرایەوە...




**دۆسیەی ژمارە: بەرین بوونەوەی هێرش بۆ سەر ئازادی و ئازادییەکان، هەریەك لە بەڕێزان، دەشتی جمال و یوسف عوسمان، بۆ بۆپێشەوە دەدوێن...لاپەڕە...11- 10**

# باڵەکانی بۆرژوازی کورد لەسەر درێژەدان بە بڕینی قوتی هاوڵاتیان و دزی و تاڵانی داهاتی کوردستان کۆکن!



لە کۆبونەوەی پەرلەمانی کوردستاندا کە ٢٧/١٠/٢٠٢٠ ئەنجامدرا، سەرجەم فراکسیۆنەکانی حزبەکانی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی" پارتی، یەکێتی، گۆڕان"، وەڵامەکانی سەرۆکی پارتیان وەکو سەرۆکی حکومەت و تیمەکەی لە جێگرەکەی کە یەکێتی و وەزیری داراییەکەی کە گۆڕانە، قبوڵ کرد. پاساوەکانی سەرانی حزبەکانیان لە حکومەتدا!! بەوەی کە چاکسازی بەردەوامە، داهاتی ناوخۆ و بڕە پارەی بەغدا، بەشی موچەی تەواوی موچەخۆران ناکات، پشتراست کردەوە.

پارتی کە زوربەی هەرەزۆری جومگەو بریاری سیاسی دەسەڵاتی هەرێمی بە شێوەی فەرمی قۆرغ کردووە، لەکایەکی داسەپاندنی دەسەڵات و قایمکردنی جێگە و پێگەی خۆیدا، حزبەکانی تری دەسەڵاتی پەلکێشی پشتی خۆی کرد و هەنگاوەکانی خۆی بەپشتیوانی ئەو حزبانە، یاسایی کرد. لەوەش زیاتر کارتی مزایەدەی سیاسی لەدەستیان دەرهێنا و روخساری ڕاستەقینەیانی خستە ڕوو....کەم نەبوون لەسەرانی یەکێتی و گۆڕان، کە لەهەموو بۆنەو کۆبونەوەو دیدارێکی میدیایی و

بۆ لاپەڕە 2

## لەبەرگری لە ئازادی! لە دژی هێرشی موقەدەسی بۆرژوازی!



ئیبراهیم حسێن

شێروان شێروانیان فڕاند. وەک هەمیشە بۆ ئەم کارە هیچ دادگا و پاساوێکیان لە هیچ مەرجەعێکی قانونیەوە پێویست نەبوو. هەر ئەوەندە بەس بوو دەستەی دەسەڵاتداری هەولێر فەرمان بدەن تا لەهەر کوێ بەردەست بوو، بیفڕێنن و ئەگەر ویستیان و فایل و تاوانی قوربانی ڕفێنراو قورس و سەخت بێت، کە ڕەنگە وتنی ڕاستیەکی سادە و دوبارە کردنەوەی ڕەخنە و نارەزایەتیەکی ڕۆژانە بیستراوی سەرزمانی خەڵک بێت، ئەوا لە جێگەیەک

بۆ لاپەڕە 4

## داڕمانی سەرمایە بەردەوامە؛ مایەپووچ بوونی دەستباڵای ملیاردێرەکانی جیهان!...



کەریم کەریم


دوا بەدوای دەنگۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆڕۆنا لەڕێکەوتی ( ٢٠١٩/١٢/٠٩)دا کە بۆ یەکەمجار لەشاری (یوهان)ی دەوڵەتی چیندا سەری هەڵدا، کەئەمەش خۆی لەخۆیدا زەنگێکی پڕ لەمەترسی و زۆر خەتەرناک بوو کەکۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و جیهان روبەڕووی گەورەترین کارەساتی مرۆیی و لەناوچوون و کۆتاییهێنان لەڕووی ماددی و مەعنەوی کردۆتەوە. ئەم ڤایرۆسی کۆڕۆنایە هەموو شوێنێێک و کون و کەلەبەرێکی ئەم جیهانە پان و بەرینەی داگرتووە. واتە لەشوێنی

بۆ لاپەڕە 5


## بەسەدان کەسایەتی چەپ و کۆمۆنیست، نووسەر و ئازادیخواز کەمپەینێك بەدژی پرۆژە یاسای سەرکوت وەڕێدەخەن!...ل3



سکرتێری فیدراسیۆن سەبارەت بەچارەنووسی ٥٧ پەنابەر نامەیەکی ئاراستەی سەرۆك کۆماری میسر کرد...ل2



پیرۆزییە نیشتیمانی و ئایینیەکان ئامرازێك بۆ کپکردنی دەنگی نارەزایەتی خەڵك...ل4



کۆڕۆنا ڤایرۆس و کۆڕۆنای دەسەڵات، بەرپرسی ئەو هەموو مەرگەن! ل3



نمایشێکی هونەری و دەنگی نووساوی ئیسلامیەکان...ل7



چ کارەساتێکە لەسەر کاریکاتێرێك مرۆڤ سەربرین...ل6



پرسی ژن ل 7

کۆشکەی ئەدەب و هونەر ل 8-9

## درێژەی وتەی ژمارە

جەماوەریدا، پێداگیریان لەسەر ئەوە دەکرد، کە داهاتی ناوخۆی کوردستان بەشی بودجە دەکات. ڕایان دەگەیاند کە سەرچاوەکانی داهات بەگشتی و فرۆشتنی نەوت و خاڵە سنورییەکان ڕۆشن نییەو ئەوان لێی بێ ئاگان. باسی ئەوەیان دەکرد، کە ئەوان لەگەڵ بڕینی قوتی هاوڵاتیان و برینی موچەو دواکەوتنی نین...تاد.

هەموو ئەو مزایدە سیاسیانە، لە کۆبونەوەی پەرلەماندا بوونە بڵقی سەر ئاو... ئەوەی پارتی لەماوەی پێکهینانی کابینەی نۆهەمەوە هەوڵی بۆدەدا، سەرئەنجام لە ڕێگای پێدانی پۆست و ئیمتیازاتی راوێژکاریدا، توانی یەکێتی و گۆران بێدەنگ بکات و بیانخاتە پشتی خۆی و رازییان بکات، کە درۆی چاکسازی بەردەوامە، داهات کەمە، موچە بڕین ناچاری و خۆ گونجاندنە، دواکەوتی موچە نارەوایی نییە...تاد. هاوکات پەیامێکی ڕۆشن بوو بۆ بێدەنگ کردنی عەلی حمە ساڵح و کاروان گەزنەییەکان، کە ڕۆژانە بەڵگەنامە و دیکۆمینتی دزی و تاڵانیان رادەگەیاند.

بەکورتی ئەم هەنگاوەی پارتی کە لە پەرلەمانی روکەش و حزبیاندا، گرتییە بەر و گۆران و یەکێتیان پێ مل کەچ کرد، کە بێدەنگ بن و داهات هەر ئەوەیەو برینی قوتی هاوڵاتیان رەوا و یاساییە!!، تەنها بردنەوەی پارتی لە پەرلەمان و گەمەی فریوکارانەی پەرلەماندا نییە، بەڵکو پاشەکشە و گورزێکی ترە لە مەیدانی سیاسی و بەرامبەرکێی هەژمونی دەسەڵاتدا لەکوردستان. بەڵام ئەمە تەنها لایەنێکی مەسەلەکەیە، مەسەلەی گرنگتر هەوڵە بۆ بێدەنگکردنی جەماوەری ناڕازی کوردستان بە دژی دزی و گەندەڵی و نابەرابەری ئابوری قوڵی چینایەتی.

پارتی لەم گەمەیەیدا لە پەرلەمان و تا رادەیەکیش لەسەر ئاستی سیاسی کوردستان، گورزی وەشاندە نەیارە سیاسییەکانی لە حکومەتی دیکۆر و دەسەڵاتی سیاسی هەرێمدا، بەڵام ئەمە نەک ناتوانێت چینی کرێکار و جەماوەری نارازی قایل بەوە بکات کە داهات نییەو بۆیە موچە دوادەکەوێت و لێی دەبردرێت، یان خزمەتگوزارییەکان، بەرەو وێرانتر بوون دەچن. بەپێچەوانەوە جەماوەری توڕەو نارازی کوردستان، هیچ بەرژەوەندیەکی حزبی و پۆست و پلەو پایەیان لەگەڵ پارتی و دەسەڵاتدا نییە، تا بە بانگەشەو فریوکاری پەرلەمان و حکومەت خۆشباوەڕ بن. خەڵکی کوردستان بەگشتی و چینی کریکار و بێبەشانی کۆمەڵگە، بەرۆشنی ئەو نابەرابەرییە دەبینن، کە رۆژانە بەرینتر دەبێتەوە، سەرمایەدار و خاوەن کۆمپانیا و بازرگانە حزبیەکان، رۆژ بەرۆژ دەوڵەمەندتر و چینی کریکار و توێژە بیبەشەکان، هەژار تر و برسی تر دەبن.

چوونە پشتی یەکێتی و گۆڕان بەشیوەی فەرمی بۆ پشت پاساوەکانی پارتی و بۆ دواکەوتنی موچە و لێبرین و بێدەربەستی بەرامبەر بە سەرەتاییترین خزمەتگوازرییەکان، ئەو راستییە جەماوەری و کۆمەڵایەتییەی پشت راستکردەوە، کە یەکێتی و گۆڕان، هاوبەشە دز و تاڵانچین و بەشداریشیان لە حکومەت و پەرلەماندا بۆ رەسمیەت بەخشینە بەو دزی و تاڵانیەیان، لەڕێگای دەسەڵاتەوە.

چینی کریکار و توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگە، موچەخۆران و مامۆستایان، پێویستە لەبەرامبەر بە دواکەوتنی موچە و لێبرینی، ریکار و شیوازی خەباتکارانە نوێ بگرنە بەر، تا ریگە لەو تاڵانییە بە یاسایی کرا و نا یاساییە بگرن، کە نزیک بە سی ساڵە رێژەی هەیە. رێکخراوبوون و یەکگرتووبوون، پیکهێنانی ریکخراوەی سەربەخۆی جەماوەری و پیشەیی، سەراسەری کردنەوە تواناییەکان، لێک هەڵپیکان و ریکەوتن لەسەر داخوازییە هاوبەشەکان، کارکردن بۆ بەهرەمەند بوون لە پشتیوانی جەماوەری ناوخۆ و پشتیوانی ریکخراو و یەکێتییە کریکاریی و جەماوەریی و پیشەیەکانی دنیای دەرەوە، پشت بەخۆ بەستن لەهەر جولەو کردەیەکی پیشەیی و جەماوەریدا... ئەو ئەرکە دەست بەجێیانەن، کە دەستی رابەران و هەڵسوڕاوانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ماچ دەکات تا رۆڵی شایستەی خۆیان بگێڕن.

بیگومان خەبات بۆ دابینکردنی موچە و خزمەتگوازرییەکان، بەشێکە لە خەبات لە راستای راماڵینی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد. بەشێکە لە خەبات بۆ گێرانەوەی ئیرادەو بردنە سەری ئاستی چاوەڕوانی و توانای خەباتکارانە.

نابێ چیتر رێگە بدرێت دەسەڵاتی سیاسی بەدەست خستە ناو دەستی یەکتری، بە پاساوی نەبوونی داهاتی کوردستان، بە بیانوی نەناردنی پارە لە بەغداوە، موچە دوابخەن یان لێی بقرتێنن.

ئەگەر کۆبونەوەی ٢٦ ئۆکتۆبەر، ریکەوتنی هەموو حزبەکانی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی بوو، بۆ رەوایی دان بەلوشدانی قوتی خەڵکی کوردستان و دواخستنی موچەو لێبرینی، ئەوا هاوکات دەبێت ئەم هەنگاوەی دەسەڵات رووبەڕووی نارەزایەتی رێکخراو و هۆشیارانەی چینی کرێکارو سەرجەم موچەخۆران بێتەوە.

ئەو راستیەش سەلمایەوە، کە حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی سەرباری هەر ناکۆکی و جیاوازیەکیان لەسەر مەسەلە و پرسە روکەشەکان، بەڵام لەسەر درێژەدان بە برینی قوتی هاوڵاتیان و دزی و تاڵانی داهاتی کوردستان کۆکن.

### کۆتایی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠

### لەناوەندی هەواڵگری فیدراسیۆنەوە:

# سکرتێری فیدراسیۆن سەبارەت بەچارەنووسی ٥٧ پەنابەر نامەیەکی ئاڕاستەی سەرۆك کۆماری میسر کرد

لە نامەیەکدا کە وێنەی نێراوە بۆ ناوەندی هەواڵگری فیدراسیۆن "دەشتی جەمال سکرتێری فیدراسیۆن داوا لەسەرۆک کۆماری میسر دەکات وەک پەنابەر مامەڵە لەگەڵ ئەو ٥٧ پەنابەرە بکرێت کە لەلایەن پۆلیسی ئێشکگری دەریاوانی میسرەوە، ڕۆژی هەینی ٢٣ ئۆکتۆبەر لە مەترسی خنکان ڕزگارکران.."

هەر لەنامەکەدا هاتووە "کەسوکاری ئەو پەنابەرانە نیگەرانن و لەدۆخێکی خراپدان سەبارەت بەچارەنووسی ئەو پەنابەرانەو داوا دەکرێت: دەرفەتی گونجاویان بۆ بڕەخسێنن تا لەگەل کەسوکاریان پەیوەندی بگرن وئەمنیت و سەلامەتی تەندروستیان بپارێزن.."

ئاگادارکراوینەتەوە کە نامەکەی سکرتێری فیدراسیۆن گەیشتوە بە "پەیجی تایبەتی سەرۆک کۆمار، حکومەتی میسری، وەزارەتی کاروکۆچبەرانی میسری، بالۆێزخانەی وکۆنسلگەری میسر، لە بەغدا، هەولیر، لەندەن، پاریس، واشنتن و بەرلین..هەروەها رێکخراوی لیبوردنی نیودەوڵەتی وخاچی سوری نیو دەوڵەتیش لە چارەنووسی ئەو پەنابەرانە ئاگادار کراونەتەوە.."

بەپێ ئەو زانیاریانەی لە کەسوکاری ئەوپەنابەرانەوە بە ناوەندی هەواڵگری فیدراسیۆن گەیشتوە "رۆژی یەکشەممە ١٨ ئۆکتۆبەر لەتورکیاوە یەختەکەیان بەریدەکەوێت بەرەو ئیتالیا وپاشان رۆژی ٥ شەممە ئێوارەکەی برای خیزانەکەم تەلەفونی بۆکردم پێ وتم: پەکمان کەوتووەو ماتۆری یەختەکەمان سوتاوەو شەپۆل هەراسانی کردوین وچادرەکەمان دڕاوە وە خەریکە دەخنکین... پاشان منیش تەلەفونم کرد بۆ پۆلیسی ئیشکگری دەریاوانی یۆنان وئیتالیا، بەلام بەداخەوە وەڵامیان نەدامەوە.."

هەروەها کەسوکاری ئەو پەنابەرە وتیشی"برای خیزانەکەم تەلەفونی بۆ کردمەوە وتی :چیت کرد بۆمان؟ منیش وتم جواب نادەنەوە..پاشان بەپێ ئەوزانیارییانەی پێمان گەیشتووە باخیرەیەکی میسری بارهەڵگری نەوت نزیکبۆتەوە لیان و زانیویەتی لێان قەوماوە ئیتربەجێ نەهێشتوون تا پۆلسی ئیشکگری دەریاوانی میسر گەیشتوون بەهانایانەوەو بردویانن بۆ میسر، لەوکاتەوە تا ئێستاهەواڵمان لێیان نییە..."

بەپێ ئەو زانیاریانە لەکەسوکاری ژمارەیەک لەو پەنابەرانەوە پێمان گەیشتوە ژمارەی پەنابەرەکان ٥٧ کەس بوون ٢٣ پەنابەری ئیرانی، ٣١ پەنابەری کوردی عێراقی و ٢هاولاتی تورکی ویەک هاوڵاتی میسری بوون.

**هەواڵی زیاتری پەنابەران لە ماڵپەری فیدراسیۆن بخۆێنەوە:.**

www.federastionifir.com

**چینی کرێکار و توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگە، موچەخۆران و مامۆستایان، پێویستە لەبەرامبەر بە دواکەوتنی موچە و لێبڕینی، ڕێکار و شێوازی خەباتکارانەی نوێ بگرنە بەر، تا ڕێگە لەو تاڵانییە بە یاساییکرا و نا یاساییە بگرن، کە نزیک بە سی ساڵە درێژەی هەیە. ڕێکخراوبوون و یەکگرتووبوون، پێکهێنانی ڕیکخراوەی سەربەخۆی جەماوەری و پیشەیی، سەراسەری کردنەوەی تواناییەکان، لێک هەڵپیکان و ڕێکەوتن لەسەر داخوازییە هاوبەشەکان، کارکردن بۆ بەهرەمەند بوون لە پشتیوانی جەماوەری ناوخۆ و پشتیوانی ڕێکخراو و یەکێتییە کرێکاریی و جەماوەریی و پیشەیەکانی دنیای دەرەوە، پشت بەخۆ بەستن لەهەر جوڵەو کردەیەکی پیشەیی و جەماوەریدا... ئەو ئەرکە دەست بەجێیانەن، کە دەستی ڕابەران و هەڵسوڕاوانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ماچ دەکات تا ڕۆڵی شایستەی خۆیان بگێڕن.**

# بەسەدان کەسایەتی چەپ و کۆمۆنیست نووسەر و ئازادیخواز کەمپەینێك بەدژی پڕۆژە یاسای سەرکوت وەڕێدەخەن!

دوابەدوای هێنانی پرۆژە یاسای فراکسیۆنی پارتی" لەژێر ناوی (بێڕێزی) بەهێما نیشتیمانیەکان" وەکو کارادنەوەیەک و بۆ ڕێگەگرتن لەوەی پرۆژە یاسایەکی لەوچەشنە، ببێتە یاساو هیندەی تر پەراوێزەکانی کەشی سیاسی کوردستان، قفڵ بدات، بەسەدان نووسەر و کەسایەتی چەپ و کۆمۆنیست و ئازادیخواز، کەمپەینێکی ئیمزا کۆکردنەوەیان لە ژێر ناوی" با ڕێگە نەدەین ئازادی و ئازادییەکان سەرکوت بکرێن" وەرێخست... ئەمەی خوارەوە دەقی یاداشتی نارەزایەتیەکەی کەمپەینەکەیە...


## با ڕێگە نەدەین ئازادی و ئازادییەکان سەرکوت بکرێن!

نووسەران و ڕۆژنامەنووسان و دادوەرانی ئازادیخواز!
لایەنگرانی ئازادی و ئازادییە سیاسییەکان و مافەکانی ئینسان!
فراکسیۆن پارتی پرۆژە یاسایەکی لەژێر ناونیشانی "پێشنیاری یاسای هێما نیشتیمانی و نەتەوەییەکان لەهەرێمی کوردستان - عیراق" ئاراستەی لیژنەی یاسایی پەرلەمان کرد، تا بیخاتە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان بۆ بەیاساییکردنی. ئەم پرۆژە یاسایە ئەگەر بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە ئازادی و ئازادییە سیاسیەکان، ئازادی کاری ڕۆژنامەگەری، مافی ڕەخنەگرتن لە دەسەڵات و ڕەمزەکان، لە دامەزراوە فەرمی و بە فەرمیکراوەکانی، لە لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی زانستی و مێژوویی و ئەدەبی و هونەری... پێشێل دەکات و دەستی دەزگا ئەمنییەکان ئاوەڵا دەکات بۆ دەستگیرکردن و سزادانی هەر نووسەر و ڕۆژنامەنووس و هاوڵاتیەک بە پاساوی بێڕێزی بە بەها نیشتیمانی و نەتەوەییەکان.
بۆیە ئێمە ئیمزاکارانی خوارەوە بەتەواوی دژی ئەم پرۆژە یاسایەین و داواکارین بەهیچ جۆرێک ڕێگەنەدرێت، ئەم پرۆژە یاسایەو هیچ پرۆژە یاسایەکی لەو چەشنە، کە ڕێگە لە ئازادی و ئازادییەکانیان دەگرێت یان بەرتەسک دەکاتەوە، بکرێتە یاسا.

bargrilaazadi@gmail.com


بۆ زانینی و ناسینی هەڵوێستی پێشکەوتنخوازانەی ئەو نووسەر و ئازادیخوازانە سەدانی بەشی هەواڵی سایتی www.bopeshawa.net بکەن، بەداخەوە بەهۆی زۆری ناوەکان و ئیمزاکان، نەمانتوانی لێرەدا ناوەکانیان، ڕابگەیەنین.

### ئەمەی خوارەوە دەقی پرۆژە پیشنیارییەکەی فراکسیۆنی پارتییە!


پێشنیاری یاسای هێما نیشتیمانی و نەتەوەییەکان
لە هەرێمی کوردستان - عێراق

# کۆرۆنا ڤایرۆس و کۆرۆنای دەسەڵات، بەرپرسی ئەو هەموو مەرگەن!!

مەرگی ڕۆژانەی دەیان ئینسان بە هۆی کۆرۆنا ڤایرۆس، لە کوردستاندا، تەکاندەرە. ئەم مەرگە بە کۆمەڵەی ڕۆژانە ڕوودەدات و ئازیزو خۆشەویستی خیزانێک دەڕفێنیت، بۆیە مایەی نائارامی و بوونی پرسەی بەکۆمەڵی چۆڵ و سەراسەری لە شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا... دیوارەکان بە لافیتەی مردووەکان، ڕەش دەچنەوە، گریان و ئاه وناڵەی قوربانیانی ئەم هەموو مەرگە ناوەختە، بەرد دەکات بەئاو.



هەمووان دەزانین کۆڕۆنا ڤایرۆس بەڵایەکی جیهانی و دەردێکی بی دەرمانە... بەڵام کەرتی تەندروستی و بەرپرسیاریەتی هەڵگرتنی ئەو کەرتە دەتوانێت، ئاماری ئەم هەموو مەرگە ناوەختە کەم بکاتەوە... چ شەرمێکی گەورەیە بەهۆی نەبوونی پیویستی ئۆکسجینەوە، بەهۆی نەبوونی ئەمبولانسەوە، بەهۆی زوو بە دەمەوە نەچوونی هەڵگرانی ڤایرۆسەکەوە، بەهۆی بێدەربەستی و کەم کاری خەستەخانەو ناوەندە تەندروستیەکانەوە، بەهۆی نەبوونی ئامێری چڕەوە...تاد، کەسانێک گیان لەدەست بدەن، لە کاتێکدا دەتوانرێت گیانیان ڕزگار بکرێت.
بەپێی چەندین سەرچاوە و کەسانی شارەزای بواری پزیشکی ئەگەر چاودێری و ئاماریێ چڕ هەبوایە لەهەر دە کەسێک کە دەمردن، هەشت کەسیان لەمەرگ ڕزگاریان دەبوو...
واتە لەهەر دە کەسێک مەرگی هەشتیان بەهۆی نائامادەیی و بیدەربەستی و وێرانەیی کەرتی تەندروستیەوە ڕوودەدات، کە دەسەڵاتی تاڵانچی و مافیایی بزوتنەوەی کوردایەتی لێی بەرپرسیارن.
بەشێکی ئەم بێدەربەستیە ریشەی لە سیاسەتی پشتگوێ خستنی کەتی گشتی تەندروستیدایە، تا هەرچی زووە هەرزان فرۆشی کەرتی تایبەتی بکەن و خەڵکی ناچاری ئەوە بکەن ڕوو بکەنە خەستەخانە تایبەتیەکان. ئەوە لە کاتێکدایە، کە نەبوونی موچەو داوکەوتن و لێبرێنی، ڕۆژ بەرۆژ نوزە لەژیان دەبرێت و بەشی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان ڕاپێچی ئۆردوی هەژاران، دەکات.
ئەم تاوانکارییە کە دەسەڵاتی سیاسی لێی بەرپرسە، پێویستە دەستبەجێ ڕابگیرێت. پێویستە نارەزایەتی جەماوەری لەدژی ئەم دەسەڵاتەو بێ دەربەستی بەرامبەر بەو هەموو مەرگە ناوەختە، هەرچی زووە دەست پێبکات... نارەزایەتی بەدژی تاڵانی و دزی و گەندەڵی و بێ موچەیی و بیکاری و لەهەلومەرجی ئیستادا دەبێ لێک هەڵپێکرێت لەگەڵ نارەزایەتی فراوانی جەماوەری بەدژی بێدەربەستی دەسەڵات لەبەرامبەر بە کۆڕۆنا ڤایرۆس و ئەم مەرگە زنجیرەییە فراوان و ناوەختەدا.

# لەبەرگری لە ئازادی! لە دژی هێرشی موقەدەسی بۆرژوازی!

**نووسینی: ئیبراهیم حسێن**

بێکەس کوژی بکەن. یاخود ئەگەر هێشتا هەلومەرجیان بۆ ئەو کارە بە گونجاو نەزانی و کردەوەی کوشتنیان بەپێویست نەزانی، بیخەنە سوچێکی تاریکەوە و لە دنیای دەرەوە بێبەشی بکەن و لەو گۆشە تاریکەدا، هەر کارێک کە بیانەوێ لەگەڵ قوربانی دا بیکەن. دواتریش هەر پەروەندە و فایلێکیان بەگونجاو زانی، هەڵیبەستن. هەلومەرجێک کە تیایدا قوربانی زمانبەستراوە و لەهەر جۆرە ئازادیەک داماڵڕاوە و لە ژێر ئەشکەنجەی ترسناکی ڕۆحی و جەستەییدایە.

ئەم شێوە فاشیستیەی مامەڵەکردنی ڕەخنەگران و ناڕازیان، حاڵەتێکی تێپەڕو کاتی و بە هەڵکەوتێک نییە، بەڵکو سیاسەتێکی وشیارانەی پارتی وبورژوازی کوردە، ڕاگەیاندنی ڕەسمی ئەوەیە کە ئەگەر قەرارە کەسێک لە ناوچەیەکدا بژی کە لە ژێر دەسەڵاتی ئەواندایە پێویستە یان قەباڵەی بێدەنگی و سەرکزی خۆی ئیمزا بکا یان ناتوانێ لە ژیانی خۆی، لە ئاسایشی گیانی خۆی دڵ تەئمین بێت.

ڕووی دووەمی ئەم شێوە فاشیستیە، مانۆڕ و کەمپین و پرۆژەی پیرۆزییەکانە کە تیایدا بورژوازی بەڕابەرایەتی پارتی، لە ڕاستیەوە بۆچەپی، لە موسڵمان و ئیمانداریەوە تا نەتەوەپەرەستی توندو کەللەشەقی تا دیموکرات و گۆڕانخوازی، لە پەیمانێکی پیرۆزدا یەکیان گرتووە تا دەمی کرێکاران وبێبەشانی کۆمەڵگە، دەمی ئازادی و ئازادیخوازی و جوڵانەوەیەکی نەویستن و ڕەتکردنەوەی هەلومەرجی ئێستا و دەسەڵاتی ئەو کەمایەتیە سەرمایەدارە، کە لە قوڵایی کۆمەڵگەدا سەری دەرهێناوە، دابخەن و بەهەرشێوەیەک بێ، ئەم قۆناغەی کە دەسەڵاتی بورژوازی کەوتۆتە بەردەم ڕەشەبای ئاڵوگۆڕخوازی کرێکاران و بێبەشانی کۆمەڵگە، بەسەلامەتی تێپەڕێنن. دژە هێرشی بۆرژوازی لە دژی چینی کرێکارو کۆمەڵگەیەکە کە ئەو هەلومەرجەی ناوێ ئەو ژیان و دەسەڵاتە بە شایستەی خۆی نازانێ. بڕیارە ئەم پەلامارە فاشیستیە پیرۆزەی بورژوازی، ئاوی پیرۆزی بکاتە سەر دەستبردن بەبردن و پەلاماردانی پیرۆزترین شتی ئینسانیەتی کرێکار و بێبەش کە ئەویش ژیانخوازی و ئازادی و ئازادیخوازیانە.

لە وتاری (بورژوازی لە ڕاشکاویدا) لەپەیوند بە ئەجێندای بورژاوازی و دەسەڵاتەکەی ئاماژەمان بەوە کردبوو، کەسەرکوت و قەهر و ئستیبدادی سیاسی بەشێکی دانەبڕاوە لە سیاسەتی سەپاندنی هەژاری و بێمافی تەنانەت لەوەی ئێستاش فراوانتر و هەمەگیرتر؛

(تەواوکەر و ڕووی دوەمی ئەم مەهلەکەیە کە بارزانی کوڕو سەرجەم ئۆردوی بۆرژوازی خەت ونیشانی بۆ دەکێشن، سەپاندنی کۆنەپەرستی و ئیستیبدادێکی سیاسییە کە تیایدا ئازادی ئیعتراز ومانگرتن، ڕێکخراوبوون، بیروڕای ئازاد و ئازاد ئەندێشی قەدەغەیە و سیاسەت و هەول وتەقەلای سیاسی لە کرێکاران و بێبەشانی کۆمەڵگە زەوتکراوە، کورتیەکەی سەپاندنی دۆڕانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی وفەرهەنگی و ئەخلاقی هەمەگیری چینی کرێکارو بەشەرییەتی بێبەشە بە کەمایەتیەکی سەرمایەداری دژی ژیان، دژی ئازادی و دژی هەر پێشڕەویەکی سیاسی کۆمەڵایەتی و ئینسانی.)

لە کۆتاییدا هەڵسوکەوت و مامەڵەی بورژوازی، دەکرێ شتێک فێری چینی کرێکار و بێبەشان و ئۆردوی ئازادیخوازی بکا کە پوختەکەی ئەوەیە؛ وەک چۆن سەرجەمی بورژوازی، لە دەوری حیزب و هێزی سەرەکی بورژوازی، لەدەوری پەرچەمی لیبراوترین هێزی سیاسی بورژوازی لە هێرشیدا بۆ سەر ژیان و گوزەرانی کرێکاران و بێبەشانی کۆمەڵگەو سەپاندنی بازاڕی کاری هەرزان و موفت و هاوشانی ئەویش لەسەپاندنی ئیستیدادی سیاسی و سەرکوتی ئازادی و سەپاندنی خامۆشی و ملکەچیەکی سیاسی و، کۆمەڵایەتی بەسەر کرێکاران و کۆمەڵگەدا یەکیان گرتوە، ئەوا کرێکاران وئۆردوی ئازادیخوازیش بۆئەوەی بتوانێ سەربەرزانە بەرگری لە خۆی بکات و هەژاری و بێبەشی و ئەو ژیانە پەستیە و دەمبەستراوی و سەرکزی و بێدەنگی قبوڵ نەکات، بەڵکو تەواوی ئازادی داوا بکات، تەواوی یەکسانی و خۆشبەختی بەدەستبهێنێ و سەرەنجام لەو پێناوەدا بیەوێ سەر بکەوێ و ئەو کەمایەتیە سەرمایەدارە شکست بهێنێ، تەنیا بە بەدەستەوە گرتن و کۆبوونەوە لە دەوری کۆمۆنیزمی خۆی، دەتوانێ ئەوکارە بکاو لەو جەنگەدا سەر بکەوێ.

ئەم گرێخواردنەی چارەنووسی خەبات و بەرەنگاری چینی کرێکار و ئۆردوی بێبەشان بە کۆمۆنیزم و حیزب و پەرچەمی سیاسی ئەم کۆمۆنیزمە، هاوکێشەی کێشمەکێشی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەسەر دەسەڵات و چارەنوسی کۆمەڵگە، لەسەر ئازادی و جۆری ژیان، لەبن و بێخەوە بە قازانجی تەقینەوەی توانای ئاڵوگۆڕبەخشی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێ و یەکجار جوڵانەوەی ئاڵوگۆڕخوازی، لەبێ ئاسۆیی و دەستەپاچەیی و بێ تواناییە سیاسیەکەی ئیستای تێدەپەڕێنێ و جوڵاوەی فشارو لە ژێر لێوەوە، دەگۆڕێ بە جوڵانەوەی ئیرادەی ڕاستەوخۆ، بۆ بەدەستەوە گرتن و بڕیاڕدان لە چارەنووسی خۆ.

# پیرۆزییە نیشتیمانی و ئایینیەکان وەسیلەیەك بۆ کپکردنی دەنگی ناڕەزایەتی خەڵك

**نووسینی: هەتاو عەبدوڵاهی**

ئازادی خەڵکی هەرێمی کوردستان بە خەبات و فیداکاری و گیانبازیی خەڵکی شۆڕشگێڕی باشوری کوردستان بەدەست هاتووە و تاک بە تاکی ئەو کۆمەڵگەیە بە ژن و پیاوەوە شان بە شانی یەک لە ریزی پێشەوەی خەبات بە دژی دیکتاتۆری و دەسەڵاتی سەدامی خوێنڕێژدا بوون و لەو پێناوەدا قوربانی زۆریان داوە، بەڵام قەت ملکەچی زوڵم و زۆر نەبوون. خەڵکی وەزاڵەهاتوی ئەو ناوچەیە دوای ساڵەها خەبات و قوربانیدان هەموو هەولەکانی خۆیان خستە گەڕ تا بەڵکو بتوانن بە مافی ڕەوای خۆیان بگەن و هێمنی و ئارامی بە ژیانیان ببەخشن. دوای ڕوخانی دەسەڵاتی سەدام و ئالوگۆڕ بەسەر ڕەوتی ڕوداوەکانی ئەو ناوچە دەسەڵاتێکی ناسیونال-دینی هاتە سەرکار و خۆی بەسەر خەڵکی ئەو ناوچەدا سەپاند و دەسەڵاتی خێڵەکی و عەشیرەیی بە کەڵک وەرگرتن لە بارودۆخی عەشیرەیی و ئایینی ناوچەکە هاتەسەرکار. دوای بە دەسەڵات گەیشتنی دەسەڵاتی ناسیۆنال دینی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی دوو حیزبی سەرەکی کە هەر ئاکامی ئەو بارودۆخە بوو، خەڵک نە تەنیا بە مافەکانی خۆیان نەگەیشتن، بەڵکوو لەسایە سەری ناکارامەیی و خیانەتی سەرانی دەسەلات ماڵوێرانی زیاتر ڕووی لە خەڵک کرد و تا بە هەنووکە ڕۆژ بە ڕۆژ بارودۆخەکە خراپتر دەبێ. دەسەلاتی هەرێم هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کاریەوە هەوڵی زەقکردنەوەی بیروباوەڕی ئایینی لە ناو خەڵک دا و هەموو هەوڵی خۆی خستەگەڕ بۆ هێنانە مەیدانی حیزبە ئیسلامیەکان و دەسەڵاتی ڕەهای پێدان تا لە ڕێگای ڕاگەیاندەوە کە ڕۆڵی سەرەکی لە پەروەردەی تاک دەگێڕێ پڕوپاگەندە بۆ دواکەوتوویی و بیڕوباوەڕی خوڕافە بکەن و کۆمەڵگە بەرەو دواوە بەرن. هەر وەک ئاماژەمان پێکرد کوردستان بەداخەوە تا بە ئێستاکەش بەهۆی هەڵکەوتەیی جوگرافیایی و ئەو بارودۆخەی بەسەریدا زاڵە هێشتا کە سیستمێکی عەشیرەیی و خێڵەکی هەیە، بۆیە ئەوە بارودۆخێکی لەباری بۆ ئەحزابی ئیسلامی ڕەخساند تا هەلەکە بە قازانجی خۆیان بقۆزنەوەو لە ناکارامەیی و بێ کیفایەتی حیزبە ناسیۆنالیستەکان کەڵک وەرگرن و کۆمەڵگە بەرەو ئەو ئاقارەی هەنووکە بەرن. لەو نێوەدا ژنان کە هەمیشە بۆ دەسەڵاتی ناسیۆنال دینی بقەبوون زۆرترین قوربانیان داوە. ژنانی هەرێمی کوردستان کە لە سەرەتای شۆڕشەوە خەباتیان کردووە و قوربانی زۆریان داوە، ساڵەهای ساڵە لە ژێر ناوی شەرەف و ناموس و دەستەواژەی جۆراوجۆر دەکوژرێن و مافیان زەوت دەکرێ. سیستمی هەرێم بە پەروەردەی خوڕافە و نامرۆڤانە کۆمەڵگەی بەرەوداڕمان بردووە و تاک بە تاکی ئەو ولاتە بوونە قوربانی بیروباوەڕی دواکەوتوانە. لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو دوای ئەوەی خەڵک هەستیان بەو زوڵم و زۆر و بێمافیە کرد کە بەسەریاندا سەپاوە، بەردەوام لە هەر بیانوویەک بۆیان لوابێ کەڵکیان وەرگرتووە ناڕەزایەتیان دەربڕیوە، بەڵام لەلایەن دەسەڵات و هێزی ئاسایشی نیشتمانی بە لێدان و ئەشکەنجە و گوللە وەڵامیان دراوەتەوە. هەژاری، توندوتیژی، بێمافی، نەبوونی هەلی کار، نەبوونی ئەمنیەتی گیانی و ماڵی، خەمۆکی، دیاریی دەسەلاتی هەرێمە بۆ خەڵکێک کە بۆ نەمانی زوڵم و دیکتاتۆری خەباتیان کردووە و بێگومان مافی خۆیان بوو بە ئازادی و ئەمنیەتی کۆمەلایەتی بگەن و ژیانێکی مرۆڤیان بۆ دەستەبەر بکرێ. ڕاگەیاندن چوونکە لە قۆڕخی دەسەڵاتی خۆسەپێن دایە بەردەوام هەوڵ بۆ دواکەوتوویی و داڕمانی شیرازەی کۆمەڵگە دەدات و بارودۆخەکە نالەبارتر دەکا. ساڵەهایە پارەی هەرێم سەرفی دروستکردنی مزگەوت دەکرێ تا مەلاکان لە مینبەری خوڕافەوە مێشکی خەڵک بشۆنەوە و ئاستی وشیاری تاکەکان بە تایبەت نەوەی نوێی بێننە خوارێ بۆ ئەوەی هەموو بێ مافیەکانیان کە ئاکامی ناکارامەیی و گەندەڵی دەسەلاتدارانە لە خوای دروستکراوی خۆیان ببینن و ئەو ژیانە بە چارەنوسی خۆیان بزانن. دەسەڵات لەژێر ناوی ئاڵا و ئەی ڕەقیب و پیرۆزییە نیشتمانییەکان هەموو پیرۆزییە مرۆڤیەکانی پێخوست کردووە و هەر دەنگێکی ناڕازی لە گەرووودا کپ دەکات و بە توندی وەلامی دەداتەوە. لەژێر سێبەری ڕەشی ئەو دەسەڵاتە هەژاری، نەبوونی ئارامی و ئەمنیەتی گیانی و ماڵی پیرۆز و مافی خەڵک نییە، بەڵام سەرانی گەندەڵی دەسەلات کە ئەو بارودۆخەیان خوڵقاندووە پیرۆزن و ڕەخنەگرتن لێیان بقەیە و بە زیندان وەلامی دەدرێتەوە. ئازادی و خودی مرۆڤایەتی لە لایەن دەسەڵاتەوە بە پیرۆز نازانرێ بەلام سەرکردە گەندەڵەکان و حیزبە ناسیۆنال دینیەکان کە سەربە بزوتنەوەیەکی دیاریکراون بوونە تابۆ و ڕەخنەگرتن لێیان بە توندترین شێواز وەلامی دەدرێتەوە. ئەگەرچی ساڵەهایە بزوتنەوە مەدەنی و کۆمەلایەتییەکان ملکەچی ئەو دەسەلاتە نەبوون و هەمیشە لە سەنگەری پێشەوەی خەبات دا بوون و هەڵگری ویست و داوای ڕەوای خەڵک بوون، بەڵام خەڵکی هەرێمی کوردستان دەبێ بەو ئاکامە بگەن تا ئەو کاتەی ئەو دەسەلاتە لەسەر کار بێ چارەنوسیان لەوە باشتر نابێ، چونکە تاکە ڕیگا و ئالتەرناتیڤی بارودۆخێکی مرۆڤی بە نەمانی ئەو دەسەلاتە گەندەڵە و هاتنە ئارای سیستمێکی سۆسیالیستی و مرۆڤتەوەر کە تێیدا هەموو تاکەکان مافی وەک یەکدیان هەیە و پەروەردەی خورافە و نامرۆڤانە جێگای خۆی دەدا بە پەروەردەیەکی جوان و مرۆڤی مسۆگەر دەبێ...

# دارمانی سەرمایە بەردەوامە؛ مایەپووچ بوونی دەستباڵای ملیاردێرەکانی جیهان!...

## نووسینی: کەریم کەریم

کار و ژیانی مرۆڤەکان لە ماڵەکان، کۆڵانەکان، کارگەکان، فرۆکەخانەکان، وێستگەی پاس و شەمەندەفەرەکان، چێشتخانەکان، دائیرەکان، شارەکان، وڵاتەکان و تا دەگاتە گشت کیشوەرەکانی جیهان کەبەردەوام کەوتۆتە بەر مەترسی توشبوون بەکۆرۆنا ڤایرۆسەوە.

کۆرۆنا ڤایرۆس لەئێستادا و لەداهاتوودا شەڕێکی دەست و یەخەی لەبەرامبەر تەواوی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و جیهانی بەرپا کردووە لەهەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤایەتیدا، بەتایبەتیش لەبواری ئابووریدا کە تاچەند کاریگەری نەگەتیڤ و دەرئەنجامەکانی لەهەموو شێوازەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا کردووە.

ئەو شەڕە وێرانکەرەی کەئێستا ڤایرۆسی کۆرۆنا دژی شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بەرپایکردووە، دەبووایە لەسەرەتای سەدەی(٢١) بیست و یەکەمدا لەلایەن لە (٩٩%)ی خەڵکی جیهانەوە دژی دەسەڵاتی سەپێنراو لە (١%)ی دانیشتوانی گۆی زەوی، واتە ملیاردێرەکانی دونیا بەرپا بکرایە. بۆیە وتم لە (٩٩%) ی خەڵکی جیهان، چونکە پەتای جیهانی کۆرۆنا ڤایرۆس سەلماندی کەهەموو هێزی ملیارەها مرۆڤ لەگیرفانی (٢) تا (٨) هەزار کەسێکی گۆی زەوی دایە.

جێگای سەر سووڕمان نییە و سەرت لەمە سووڕ نەمێنێت کەسیستەمی سەرمایەداری، واتە سیستەمی بانکەکان، کۆمپانیاکان، کۆپەرەیشنەکان و دەوڵەتەکانیان، لەپرۆفیسۆرێکی زانکۆکانەوە بگرە تا دەگاتە دادوەرێک، پزیشکێک، قەشەیەک، مەلایەک، خاوەن خانوویەک، دوکاندارێکی بچووک، خاوەن تەکسیەک، قوتابییەک، ژنێکی ناوماڵ، جوتیارێکی بچووک، بێکارێک، سۆشیال خۆرێک، خانەنشینێک، چەکدارێک، سەرباز و ئەفسەرێک و تاد.... هەموویانی وەک کرێکارێکی پشتی ئامێرێکی بەرهەمهێنان کردووەتە کۆیلەیەکی کرێگرتەی خۆیی و هەموویان لەڕۆژانی داخستەنە گشتییەکانی کۆرۆنا ڤایرۆسدا هەست بەوە دەکەن کەجێگا و ڕێگایەکی ئابووریی - چینایەتی وەک یەکیان لەکار دابەشکردنی کۆمەڵایەتی سیستەمی سەرمایەداریدا هەیە و تەنها ناو و سلکەکانیان لەیەکتریان جودا دەکاتەوە، نەک بەشی وەک یەکی و یەکسانی ئەوان لەداهاتی گشتی و کۆمەڵایەتیدا .

کامە دکتۆر، کامە پرۆفیسۆر، کامە مامۆستا، کامە مەلا و قەشە و تاد... هەیە وەکو ئەو کرێکارەی کە کارەکەی لەدەستداوە، لەترس و دڵەڕاوکێدا ناژی بەرامبەر وەستانی چەرخەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایە و لەخەمی داهاتووی نادیاری موچەکەی، کرێ خانووەکەی و دوکانەکەی، یان سوی سەر خانووەکەیی و کرێدت کارتەکەی و گشت خەرجییە لاوەکییەکانی دیکەی ڕۆژانەی ژیانی نییە کەسیستەمی سەرمایەداری بۆی دروستکردووە؟ ئەگەر مرۆڤ خۆی لەڕاستی و حەقیقەتدا لانەدات و خۆی بەزۆر گەمژە نەکات، وەڵامی ڕاستی پرسیارەکەی لەبەردەستدایە؛ هەمووان، بەهەموو ناو و جێگا و شوێنە جیاوازەکانەوە لەکار دابەشکردنی کۆمەڵایەتی سەرمایەداریدا کەهەیانە، کرێکار و کۆیلەی کرێگرتەی بانکەکان، کۆمپانیاکان و دەوڵەتەکانیانین و لەڕێگای فرۆشتنی هێزی کار و بازوو یان هێزی مێشک و فیکرەوە ژیانی مەمرە و مەژی دەگوزەرێنین. ئەمە ڕاستی دونیای ئەمڕۆیە و کۆرۆنا ڤایرۆس تەنها پەردەکەی لەسەر هەڵداوەتەوە. دوای کۆرۆنا هیچ مرۆڤێکی کۆیلەی سەرمایە ناتوانێت بیر لەمە نەکاتەوە کەبۆچی کۆمەڵگەی جیهانی مرۆڤایەتی بەم شکڵ و شێوە ئابوورییە ناعەداڵەتییە دابەشبووە !.

دیوێکی جوانی دیکەی سونامی کۆرۆنا ڤایرۆس ئەمەیە کەملیاردێرەکان، سیاسەتمەدارەکان و دەوڵەتەکانیانی بەبێ ڕەحمانەترین شێوە خستە بەر شەپۆلی ڕوخێنەری خۆیەوە.

ئیمانوێل ماکرۆنی سەرۆک وەزیرانی فەرەنسا لەگفتوگۆیەکیدا بۆ فایناشناڵ تایمز بەڕاشکاوانە دەڵێت:[نازانین لە کوێداین... من خۆم داوەتە دەست قەدر و چارەنووس... دوای کۆرۆنا دەبێت سەرمایەداری پێکهاتەی خۆی بگۆرێت. لەو چەند ساڵەی دواییدا زیاتر لەپێویست کارمان لەبواری ماڵیدا کردووە- بڕوانە فایناشناڵ تایمز گفتوگۆ لەگەڵ ماکرۆن].

( https://m.youtube.com/watch?t=0h7m34s&v=DPGfKhCICC0 ).

بەڕاستی وایە کەکۆرۆنا ڤایرۆس سەری لەبلیمەترین ئەقڵەکانی سەرمایە شێواندووە و نازانن ئێستا لەکوێدان و سبەینێش لەکوێدا دەبن و چارەنووسی ڕژێمە ڕێگر و چەتەکەیان بەکوێ دەگات!!!...

کۆرۆنا ڤایرۆس مۆری تەئیدی خۆی لەڕاستی ئەم بۆچوونەی بیرمەند و فەیلەسوف (کارڵ مارکس)دا کە (١٦٠) ساڵ لەمەو پێش وتی:[شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری زیاتر لەهەر شێوەیەکی تری بەرهەمهێنان، نەک تەنها مرۆڤ و کاری زیندوو، نەک تەنها گۆشت و خوێن بەهەدەر دەدات، بەڵکو لەبەهەدەردانی مێشکیش دەست ناپارێزێت- مارکس کتێبی سەرمایە/ بەرگی سێیەم]. ئێمە بینیمان کەچۆن لەئەنجامی دارمانی سیستەمی تەندروستی جیهانی سەرمایەوە [تەنانەت لە بەناو پێشکەوتوترین وڵاتانی جیهاندا] ، کەڤایرۆسێک گیانی دەیان و سەدان هەزار مرۆڤی کۆتایی پێهێنا و چۆن ملیارەها مرۆڤیشی لەدڵە ڕاوکێی ژیان و مەرگدا ڕاگرتووە و مێشکیانی وێرانکردووە!.

کۆرۆنا ڤایرۆس بەهەموو زیانە گیانی و مرۆییەکانیانەوە، بەڵام ڕۆڵێکی یەکجار گرنگ و گەورەی بینی لە لەرزۆک کردنی پایە ئابووریی، سیاسی، کەلتوری و ئایدیۆلۆجییەکانی سیستەمی سەرمایەداری لەڕۆژگاری ئێمەدا. سەرمایەی ماڵی، گورگەکانی بانکەکان و بۆرسەکان لەحاڵی حازردا لەبەردەمی دارمانێکی مێژوویی گەورەدان.

بەپێی ڕاپۆرتێکی گۆڤاری فۆربز (forbes) ( https://www.forbes.com/billionaires )

لەکاتی بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا ڤایرۆسەوە ( ٢٥٨) ملیاردێر لەلیستی ملیاردێرەکانی جیهان سڕاونەتەوە...!!! بەپێی هەمان ڕاپۆرت، ژمارەی ملیاردێرەکانی جیهان لەساڵی ٢٠١٩دا لە (٢٣٥٣) کەسەوە کەمبوونەتەوە بۆ (٢٠٩٥) کەس و ئەم ملیاردێرە تەبەخور کردووانە، [هاوکات لەگەڵ گشت ژمارەی ملیاردێرە ماوەکان لەلیستەکەی ئێستادا]، بەزەرەرێکی (٧٠٠) ملیار دۆلارییەوە لەبازاڕی سەرمایەی جیهاندا بوون بەهەڵم...!!! هەڵبەت داتاکانی سەرمایەداری، هەر وەک میدیاکانی خۆیان پڕن لە درۆ، چەواشەکاری و ساختەکاری و بەم هۆیەشەوە ناکرێت باوەڕیان پێ بکەین، بەڵام بەپێی یاساکانی کێبڕکێ و یاساکانی قەیرانی سەرمایەداری مایەپووچ بوونی دەستباڵایی ملیاردێرەکان و چوونە دەرەوەیان لەبازاڕی سەرمایەدا ناچاری یە. بۆیە پێشبینی دەکرێت کە لەدرێژەی گورزە گورچک و کوشندە برەکانی کۆرۆنا لەئابووریی سەرمایەداریدا، هەم ژمارەی مایەپووچەکان زیاد بکات و ئەو (٨) تریلیۆن دۆلارەی تریش کە تائێستا لەژێر دەستی ( ٢٠٩٥) ملیاردێرەکەدا ماوەتەوە زیاتر دابڕوخێت و ژمارەی ملیاردێرەکانیش زیاتر کەم بێتەوە لەو ژمارەیەی ئێستاکە گۆڤاری فۆربز (Forbes) ئاماژەی پێداوە. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنج و تێبینی کردنە تەنها لەدەوڵەتی کۆمۆنیستی بۆرژوازی چیندا ( ٣٧٣) ملیاردێری بەئاشکرا و ڕەسمی تێدایە کەکۆی سەروەت و سامانی ملیاردێرەکانی دەگاتە (١،١٢٠،٠٠٠٠٠٠٠٠٠) تریلیۆنێک و سەد و بیست ملیار دۆلاری ئەمریکی لەناو خاک و دەوڵەتی چیندا تەواجودی هەیە کەئەمەش خۆی لەخۆیدا کاریگەرییەکی زۆر خراپی کردۆتە سەر ئابووری ئەمریکا، چونکە ئەو ڕێژە پارە و سەرمایە لەدەرەوەی بازاڕی ئەمریکا دایە بۆ مامەڵەکردن و بازرگانی کردن و لەچەندەها بوارەکانی تری بازاڕی ئازادی ئەمریکادا.

کۆرۆنا ڤایرۆس نەک بەتەنها دەبێتە هۆی مایەپووچ بوونی هەر ڕۆژەی ملیاردێرەکانی جیهان، بەڵکو کاریگەری و کوشندەیی بۆ گشت سیستەمی سەرمایەداری جیهانی لەگەڵ تاریکترین چرکەساتەکانی تەمەنی خۆیدا بەرەو ڕوو دەکاتەوە. بەپێی خەمڵاندنە سەرەتاییەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، خەڵکی جیهان (٢٥٥) تریلیۆن دۆلار قەرزاری هەموو بانکەکانی جیهانن. لەوانە دانیشتوانێکی (٣٦) ملیۆنی کەسی وەک کەنەدا، بەپێی ڕاپۆرتێکی بلوومبێرگ (https://www.bloomberg.com/news) ( ٢،٣) تریلیۆن دۆلار خەڵکەکەی قەرزاری بانکەکانن. بەگشتی ئابووریی جیهانی سەرمایەداری بەشێوەیەکی خێرا ڕووی لەدارمان کردووە و لەگەڵ سەختترین و قوڵترین قەیرانەکان لەمێژووی (٣٠٠) ساڵەی خۆیدا بەرەو ڕوو بووەتەوە. بەپێچەوانەی لێدوانە چەواشەکارەکانی ئیکۆنۆمیستەکان و ڕاوێژکەرەکانی سەرمایە، بەوەی کەگوایە لەساڵی (٢٠٢٢) بەدواوە ئابووریی جیهانی سەرمایەداری دەکەوێتەوە سەر ڕەوتی ئاسایی پێشتری خۆیی، بەڵام ئەم پرۆسەی دارمانە بۆ ساڵانێکی زۆرتر بەری پێناگیرێت و هەموو سێکتەرەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری جیهانی دەگرێتەوە، قەبارەی سەرمایەی جیهانی ئەمڕۆ تا ئەو ئاستە بچووک دەبێتەوە کەچەندین ساڵ و بگرە دەیان ساڵی دەوێت تا بگاتەوە قەبارەی ئێستای. هەر ئەوەی کە لەچەند مانگی رابردوودا کەبینیمان نرخی یەک بەرمیل نەوت دەفرۆشرێت بە (سفر) دۆلار کەئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوە کە ئەم دارمانەی سەرمایە لە چ ئاستێکی فراوان و مەزندایە و تا ئەوەی نرخی بەرمیلێک نەوت بگاتەوە بە (١٠٠) دۆلار چەندە کاتی پێویستە. هەر ئەوەی کەخەڵک نەتوانن قەرزی (٢٥٥) تریلۆنی بانکەکان بدەنەوە و مایەپووچی بەسەر بانکەکاندا بسەپێنن، بانکەکان چەندە کاتیان پێویستە تا ئەو زیانانەی کۆرۆنا ڤایرۆس پڕ بکەنەوە؟ بەڵام ئەمە هەموو داستانی پاڵەوانێتی کۆرۆنا ڤایرۆس نییە، بەڵکو داستانەکە تا ئاستی وێرانکردنی سیاسەت و ئایدیۆلۆجییەکانی سەرمایەی جیهانی درێژ تر دەبێتەوە. ڕەنگە ئەم باسە دوور درێژ و تاقەت پڕوکێن بێت. بەڵام لەهەمان کاتدا ئاشکرا و دیار نییە و نازانین چەند کات و ماوە دەخایەنێت سەبارەت بە بەردەوامی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەئاکام و دەرئەنجامەکانی و تاچەند دەتوانن ڤایرۆسی کۆرۆنا بەری پێ بگیرێت لەگورزی کوشندەیی و زەبر لێدان لەتەوقی سەری سیستەمی سەرمایەداری و ملیاردێرەکانی جیهان لەداهاتوودا !...

# چ کارەساتێکە لەسەر کاریکاتێرێك مرۆڤ سەربڕین

نووسینی: ڕۆژ عەزیز

ڕۆژی ١٦ ی ٢٠٢٠ ئۆکتۆبەر لە فەرەنسا موسڵمانێکی چیچانی ١٨ساڵ مامۆستایەکی فەرەنسی سەربڕی لەسەر ئەوەی کاریکاتێرێکی پێغەمبەری ئیسلامی پیشانی قوتابیەکانیدا کە ساڵی ٢٠١٧ دروستکرا بوو، ئەم ڕوداوەش هەرایەکی گەورەی نایەوە، دەوڵەت بەشەریەت کەوتنە دوو بەرەوە بەرەی حکومەتی فەرەنساو بەرەی ئەردۆغانەوە.

بەرەی ئەردۆغان ئیسلامییەکانی کوردستانیش تێیدا بەشدار بوون چاویان لەتاوانکاری ئەردۆغان و حکومەتەکەی نییە و بگرە هێشتا پشتیوانی لە ئەردۆغانیش دەکەن. تەنانەت ئەوکاتەی ناسیونالیستەکانی کورد لەدژی حکومەتی تورکیا بایکۆتیان ڕاگەیاند، ئیسلامییەکانی کوردستان لەگەڵ بایکۆت نەبوون، چونکە حکومەتی ئەردۆغان بەموسڵمان دەزانن. گەرچی من لەگەڵ هیچ بایکۆتیک نیم، چونکە بایکۆت هەمان ئەو کارەیە کە پێی دەوترێت ئابلۆقەی ئابوری، بەئابلۆقەی ئابوریش هیچ دەوڵەتێکی ناڕوخێت.

بینیمان ناسیونالیستەکانی کورد دژی حکومەتەکەی ئەردۆغان بایکۆتیان ڕاگەیاند، بەڵام ئەردۆغان وحکومەتەکەی هەر وەک خۆیان و بگرە تەنها خەڵکی کوردستان و خەڵکی تورکیا لەم نێوەدا باجی بایکۆتیان دا و تێیدا زەرەر مەندی یەکەم بوون. ئێستاش لە کوردستان ئیسلامییەکان بایکۆتی فەرەنسایان ڕاگەیاندوە گەرچی لەکوردستان کاڵای فەرەنسی کەمە ئەوەی هەیە زیاتر هی تورکیاو ئێران و وڵاتانی دیکەیە.

ئیسلامییەکانی کوردستان و ئیسلامی سیاسی بەتایبەتی باکی بەسەربڕینی مامۆستاکە نەبووە، بگرە دیفاعی لە پەیامبەرێک کردوە کە مردووە کاریکاتێریان دروستکردوە، بەڵام موسڵمانان خەڵکی لەسەر سەر دەبڕن. ئەمە دەیسەلمێنێت مەزهەب دینی ئاشتی و پێکەوە ژیان نییە لەهەر کوێیەک دەسەڵاتی هەبێ بەشمشێر خەڵک سەردەبڕێت.

ئەم کاردانەوانە، تەنانەت کاریگەری هەبووە لەسەر پەرلەمانی کوردستانیش، عەلی حەمە ساڵح و بەشێک لەئەندامانی پەرلەمانی گۆڕان و ئیسلامیەکان یاداشتی نارەزایەتیان ئاراستەی قونسوڵی فەرەنسا کردوە لەسەر ئەوەی گوایە بەکاریکاتێرەکە سوکایەتی بە پێغەمبەریان کراوەو سەرۆکی فەرەنساش ماکرۆن لەم بارەیەوە قسەی کردوە لەسەر ڕوداوەکەو بڕیاری دەرکردوە.

ئەم پەرلەمانتارە فکر داعشانە هیچ باکیان بەسەربڕینی مامۆستاکە نەبووە، نیگەرانی کاریکاتێرەکە بوون کە لەسەر پێغەمبەر دروستکراوە. ئەمانە هیچ شەرمیان نەکردوە کە هاوخەمیان بۆ خانەوادەی ماکرۆن و حکومەتەکەی دەرنەبڕیوە، بگرە ئەم یاداشتە نیشانی دەدات کە بەرەی سەربڕەکەو ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزم بەهێزتر دەکات. دوابەدوای یاداشتەکەی جەماعەتی بزوتنەوەی گۆڕان و ئیسلامییەکان پارتی دیموکراتی کوردستان و زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان یاداشتێکی پشتیوانیان بۆ حکومەتی فەرەنسا دەربڕی و سەردانی قونسوڵخانەی فەرەنساشیان کرد.

ئاینێک لەسەر کاریکاتێرێک مرۆڤ سەربڕبڕێت دەبێت لەهیچ جێگەی دنیا جێگەی بێتەوە؟ ئاینێک ١٤٣٩ ساڵ بێت بەردەوام بێت لەبانگەشەکردن وهێشتا وەک سەردەمی پەیامبەری ئیسلام لە مەدینە هیچ دەسەڵاتێکی نییە دەبێت ئەمە چ ئاینێک بێت ناتوانی دەسەڵات بگرێتە دەست؟ ئاینێک ڕۆژی پێنج جار هاوار بکات و بڵێت وەرن بۆ مزگەوت و نوێژەکانتان کە هێشتا دەسەڵاتی لاواز بێت و ڕۆژ بەڕۆژ لە پاشەکشەدا بێت دەبێت ئەمە چ ئاینێک بێت؟.

ئاینێک پیاوان لە چوار ژن زیاتریان بۆ هەبێت بیهێنن دەبێت ئەمە چ خزمەتێک بەژن بکات و چ ئاینێکە؟. ئاینێک لەسەر بەناو زیناکردن ژن زیندە بەچاڵ و ڕەجم بکات ئەمە چ ئاینێکە بۆ مرۆڤ هاتۆتە خوار؟ حکومی کافر بوون سەربڕین وکوشتن بێت دەبێت ئەو ئاینە لەکوێی دنیادا جێگەی بێتەوە؟ ئاینێک پەیامبەرەکەی کچی ٩ ساڵانی لەخۆی مارە کردبێت تۆ بڵێی لەکوێی دنیادا ئەم عەقڵیەتە بوونی هەبێ بتوانێ درێژە بەئاینەکەی خۆی بدات؟ ئاینێک کەسێک دزی بکات دەستی ببڕنەوە، ئەمە دەبێت لەچ کونجێکی ئەم دنیادا بتوانێ دەسەڵات بگرێتە دەست؟

ئاینێک قورئانەکەی هانی سەربڕین و کوشت و کوشتار بدات زۆربەی ئایەتەکانی باس لەکوشتن دەکات دەبێ لەکوێی دنیادا بتوانێ سوچێکی بچوکی دەسەڵات بگرێتە دەست ئەگەر بە زەبری شمشێر و خوێن ڕشتن نەبێ؟ ئاینێک زۆربەی کاروکردەوەکەی و قورئانەکەی پڕ بێت لە کوشتن، بۆشت نەبێ ڕەخنەی لێ بگریت ئەمە چ جۆرە ئاینێکە؟. ئاینێک لەهەموو پەرتوکەکەیدا وشەیەکی تێدا نییە ناوی ئازادی بێت ئەمە لەکوێی ئەم دنیادا جێگەی دەبێتەوە، مەگەر بەسەربڕین ترس وتۆقاندن بتوانێ خەڵک پەروەردەی ئاینەکەی بکات؟.

ئاینێک ڕەخنەی پێ قبول نەبێت وێنەو کاریکاتێری لا کوفر بێت دەبێت چەند سەدەی دیکە بتوانێ وەک سەردەمی خەلافەتی ئیسلام دەسەڵات بگرێتەوە دەست؟ ئاینێک مرۆڤ فێری ڕق بکات و کینەو سەربڕین کات، ئێوە بڵێن قەت شانسی دەسەڵاتی هەبێ؟ ئاینێک دژی هەموو بەها مرۆیەکانی ئینسان و ئازادی مرۆڤەکان بێت دەبێت کەی دەسەڵات بگرێتە دەست؟. ئاینێک دوژمنی مۆسیقاو ڕەقس و سەماکردن و گۆرانی وخۆشەویستی کچ و کوڕان بێت دەبێت بۆ یەک لەحزە بێ سەرکوتکردن و تۆقاندن شانسێکی کەمی هەبێ دەسەڵات بگرێتە دەست؟ ئاینێک ١٤٣٩ ساڵە ناتوانێ دەسەڵات بگرێتە دەست هەرگیز شانسی دەسەڵاتی نابێ لەهیچ کوێی دنیادا، چونکە بۆ ئەم سەردەمە ناگونجێت.

مەزهەب لەبێ ئیرادەکردن و سەرمەستکردنی بە ئاینەوە بێجگە لە فریودانی خەڵک ناتوانێ ئازادی ڕەفاهیەت و یەکسانی لەبەینی ئینسانەکاندا بەرپا بکات. مەزهەب ١٤٣٩ ساڵە جوابدەرەوەی ژیانی ئینسانە هەژارو بەشمەینەتەکان نەبووە، هەرگیز شانسێکی دیکەی نابێتەوە دەسەڵات بگرێتەوە دەست مەگەر بە توندوتیژی و خوێن ڕشتن نەبێ. موسڵمانان خۆیان لە وڵاتی ئیسلامی لەدەست شەڕو کوشتارو هەژاری دەسەڵاتی ئیسلامی و تیرۆریزمی ئیسلامی دەچنە ئەوروپاو وڵاتانی دیکە کەچی، لەوێ بەنیازن ئاینەکەی خۆیان بەسەر وڵاتێک و خەڵکەکەیدا بسەپێنن کە ئیقامەی پێداون و بەئازادی لەو وڵاتە دەسورێنەوە، کەچی لە وڵاتی خۆیان لەسەر ئەوەی بەئازادی کاریکاتێر دروست دەکەن خاوەنی کاریکاتێرەکە سەردەبڕن .

ئیسلامی سیاسی و موسڵمانە توندڕەوەکان، نازانم کاریان چییە بە وڵاتی عەلمانی؟ لەکاتێکدا خودی ئەم موسڵمانانە لەدەست خودی شەر و سەرکوتی ئیسلامی سیاسی هەڵاتوون. وڵاتانی ئازاد و عەلمانی شوێنی توندڕەوی ئیسلامی و تیرۆریزم نابێتەوە، خەڵکی ئەو کۆمەڵگەیانە دەیانەوێت بەئازادی بژین و دوور لەترس و تۆقاندن .

ئەگەر ئەوروپا و وڵاتانی دیکەی غەیرە ئیسلامی سنورێک بۆ ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزم دانەنێن ئەوە کارەساتی لەم جۆرە بەردەوام دەبێت. ئەگەر خەڵکی ئازادیخوازی جیهان سنورێک بۆ تیرۆریزم وئیسلامی سیاسی دانەنێن ئەوە ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزم یەخەی هەموان دەگرێت .

ئەگەر خەڵکی کوردستان سنورێک بۆ ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزم لەکوردستانیش دانەنێت و پاشەکشە بەکۆنەپەرستی نەکات ئەوە کوردستان دەبێتە ئێران و ئەفغانستان و سەردەمی داعش لەموصڵ و سوریا. نمایش کردنی ئیسلامی سیاسی لەلایەن بزوتنەوەی گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتوو نیشانی دەدات ئەمانە دوژمنی ئازادین و هەرکەسیش لەکوردستان کاریکاتێری پەیامبەری ئیسلام دروست بکات وەک مامۆستاکەی فەرەنسا سەری دەبڕن.

لەچەند ڕۆژی ڕابردوشدا بەڕوونی ئەوە بەرچاو کەوتن لە چەند مەلاو ئیسلامی لەکوردستان بەدیار کەوتن کە هەرکەس کاریکاتێری پەیامبەری ئیسلام دروست بکات یان وەک ماکرۆن دژی ئیسلام بێت سەری دەبڕین. ئەم پەیامە پەیامی خوێنڕشتن ترس وتۆقاندنە دەبێت سنوری بۆ دابنرێت ئەگینا کارەسات دەخوڵقێت کە هەرچون بەهۆی کاریکاتێری پێغەمبەری ئیسلام لە فەرەنسا چ کارەساتێک ڕوویدا لەسەر بچوکترین شت کە کاریکاتێر بوو بەڵام موسڵمانەکان ئەمەیان پێ قبوڵ نەبوو ...



پرسی ژن ؟

توندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگەی کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە،

ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە..

بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر

# نمایشێکی هونەری و دەنگی نووساوی ئیسلامیەکان!

## عەبدوڵا مەحمود

بەرواری ٢٦ ی ئۆکتۆبەر، تارا عەبدوڵا هونەرمەندی شێوەکار بەهاوئاهەنگی ڕێکخراوەیەکی کۆمەڵگەی مەدەنی تابلۆیەکی درێژی نزیک بە پینج هەزار مەتری لە جل و بەرگی ئەو ژنانە نمایش کرد، کە قوربانی پیاوسالاری و توندوتیژی هەمەلایەنن، بەڵام دوای ڕۆژێک و تەنها دوای ڕۆژێک چەند شوێنێکی ئەو تابلۆیە سوتێنراو پاشانیش لێکرانەوە.

ئەو کارە ناوازە و ئەم شێوازە نوێیە بۆ نیشاندانی ئازارێکی قوڵی نیوەی کۆمەڵگە، نەک هەر جێگای دەستخۆشانە، بەڵکو سەرەتایەکی نوێی نمایشی دەنگی "نا" ی هونەرییە، بە زوڵم و ستەمی هەزارسەری پیاوسالاری و دەسەڵاتی پارێزەری، بەدژی ژنان و خواستە پایماڵکراوەکانیان.

ئەوانەی دەستیان بۆ سوتاندنی ئەم تابلۆیە بردووە، زۆر سوکترن لە بەهای پچکێکی کەم لەو جل و قوماشانەی لەم کارە هونەریەدا نمایش کراون. هاوکات ئەوە دەنگی نووساوی میراتگرانی داعش و ڕەوتەکانیانە کە بەرگەی هیچ کارێکی هونەری و ئەدەبی و نمایشیکی ئازادانەی دژ بە کۆنەپەستی و ئازادی بۆ ژن ناگرن...

لای ئەم جەنابانەی نەخشە و پلانی سوتاندنی ئەو تابلۆیەیان داڕشتووە، سیمای جوانی شار بەرگەی ئەم تابلۆ جوانە ناگرێت، کە ئازار و ستەمی سەر ژنان و قوربانیەکانی نیشان بدات، بەڵام حیجاب کردنی کۆمەڵگە و چەند ژنە و سوکایەتی و لێدان و تیرۆرکردنی ژنان، بە ڕەوا و جێ بەجێکردنی ئەرکێکی خوادیی و قورعانی و بە بەشێک لە جوانی پیرۆزیی دەزانن!!

ئەوانەی بەرگەی نمایشیکی هونەری ناگرن و دەیسوتێنن هەمان ئەو عالی جەنابانەن کە گڵکۆی شێرکۆ بیکەسیان شێواند، ئەوانەن کە پەیکەری خۆشەویستیان ڕوخاند، ئەو مەعدەن و قوماشە ڕزیوەن کە بەرگەی کاریکاتێرێک ناگرن... گەروی ئەو ئەڵڵەو ئەکبەرانەن کە بەسەدان ئینسان ژێر باڵاهەڵگرێک دەخەن و لە جەرگەی شارەکاندا بەچەقۆو قەممە نمایشی کوشتنی ئینسان دەکەن.

ئەم ڕەوت گەلە ئیسلامیانە، کە خۆیان و دین و نەریت و سونەتیان دەرگیری ئەزمەیەکی قوڵی چارهەڵنەگرە، هیشتا مانەوەیان بەرهەمی سازشی باڵەکانی دەسەڵاتی سیاسی سەرمایەیە، لە پێناو ئامانجە گڵاوەکانیادا، بەرهەمی دەست ئاوەڵاکردنی خیڵی ڕاسیزمی دەرهاویشتەی پۆستمۆدێرنیزمە، بەرهەمی گەران و وێڵ بوونە بەدوای سودی بەرژەوەندییە ئابورییەکانیاندا لە جیهانی عەرەبی و دەست تێکەڵ کردنە لەگەڵ ئالی سەباحەکان، کە بە ئاشکرا جیهادییە پترۆ دۆلارەکان تەخشان و پەخشان، دەکەن. لە کوردستانیشدا ئەم ڕەوتە ئیسلامیییە داعشی و ئەردۆغانیانە، بەپشتیوانی دەسەڵاتی




تا سەرمۆخ کۆنەپەست و بنەماڵەیی، پارتی و یەکێتی و گۆران و بە باوەشێن کردنی کۆنەپەرستی لەلایەن کەناڵە میدیاییە بۆگەنەکانی وەکو ئین ئارتیییەکان، توانیوویانە تا ئێستا بمێننەوە. ئەو ڕەوت گەلە چەقوکێشەی ئیسلامیەکان، نیگەرانی ئەوەن کۆمەڵگەی "موسوڵمانی"!!



کوردستان قبوڵیان ناکەن و وەکو دڕندە لێیان دەڕوانن. ئاخر خەڵکی کوردستان بە نەریت و ڕەفتار و سونەتی ژیان و گوزەران و بە دەستڕاگەیشتنیان بە دنیای مۆدێرنی ئەمڕۆ و دەستکەوتەکانی، نیشانیان داوە، مۆدێرن و شارستانین و لەگەڵ نەریتی ئیسلامیزم و ڕەوتەکانیان نەک هەڵناکەن، بەڵکو تەواو لە دژین.

پیویستە بە پەرەدان بەو هونەرە شێوە بڵند باڵایانە و بە بەهێزکردنی ڕەوتی ئازادی و ئازدیخوازی، ئەم دەنگە نوساوانەی ئاو لەسەرچاوەی لخنی دەسەڵاتی سعودی و ئەردۆغانی و داعشی دەخۆنەوە، بێ دەنگ بکرێن و کاریگەری و ڕۆڵیان لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی کۆتایی پێبهێنرێت.

بۆپێشەوە
FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

## کرێکاران، زەحمەتکێشان،لایەنگرانی وشەو دەنگی ئازاد!

بڵاوکراوەی بۆپێشەوە، زمانی تیژ و پاراوی کۆمۆنیستی و ئازادیخوازی ئێوەیە، دەنگ و سەکۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی سۆسیالیستیتانە، بەدژی نیزامی زاڵمانەی سەرمایەداری و سەکۆیەکی لێبراوە بۆ ڕووبەڕوبوونەوەی فکر و ڕاگەیاندنی دارزیوو فریوکارانەی بۆرژوازی و بزوتنەوەو ڕەوتە سیاسی و فکری و حزبییەکانی... بڵندگۆی بانگەوازی هاوچینەکانتانە بۆ هاوپشتی و هاوخەباتی، وە دەنگ و مینبەری ڕاستەقینەی ئێوەیە لەدژی هەر زوڵم و ستەمێك کە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری ئێستادا، بەرامبەر ئێوە دەکرێت... لەیەك وشەدا، بۆ پێشەوە، سەکۆیەك و مینبەرێکە لە بەرەی شۆرشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکاردا، بۆ ژێروژورکردنی دنیای زاڵمانەی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستی...

بۆ ئەوەی بۆ پێشەوە، بتوانیت نەخشی چینایەتی و ئەرکی پێناسەکراوی خۆی سەرکەوتوانە بیاتە پێشەوە، لە هەواڵی نارەزایەتییەکانتان، لە خۆپیشاندان و مانگرتن و خواستەکانتان، لە کێشەو گیروگرفتەکان و ڕێگریەکانی بەردەم خەبات و یەککگرتوویتان، بەردەوام ئاگادارى بکەن... ئەو هەواڵانەی حزب و بزوتنەوە و میدیای بۆرژوازی و سێبەریان، دەیانەوێ بەلاڕێ، یان پەردەپۆشی بکەن، ئێوە بە ئێمەی بگەیەنن... ئەو ڕاستیانەی ئەوان پەردەپۆشی دەکەن، لە ڕێگای بۆپێشەووەوە، پەردەی لەسەر هەڵبماڵن... هەواڵی نائەمنی شوێنی کار و قوربانیانی، هەواڵی سەرکوت و دزی و تاڵانی دەسەڵات و کۆمپانیاکانیان، هەواڵی توندتیژی دژ بەژنان و قوربانیەکانیان، هەواڵی پێشێلکاری ئازادیە سیاسیەکان، ئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی مافە فەردی و مەدەنییەکان... بە ئێمە بگەیەنن. بۆپێشەوە، دەنگی سازش هەڵنەگرو سەکۆی ڕاستیێژی و مەیدانێکی گرنگی ئێوەیە، لە پێناو دنیایەکی باشتردا. لەهەر جێگاو گۆشەیەکی ئەم دنیایەن لەپەیوەندی بەردوامدابن لەگەڵیدا...ئەمەی خوارەوە ئەدرەس ئیمێڵ و پێگەی بۆ پێشەوەیە..

bopeshawa@gmail.com

www.bopehsawa.net

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

## گۆشەی ئەدەب و هونەر

**گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...**

**ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا ساڵح، حەکیم میرزا**

# دیمانەی هونەری بۆپێشەوە لەگەڵ هونەرمەندی شێوەکار و شانۆکار

# تەها ساڵح



**بۆپیشەوە: تەها ساڵح چۆن لە بواری هونەردا تەعریفی خۆی ئەکات. لە چ کاتێکەوە خولیای هونەریت لاپەیدا بووە، کێ لەدەوروبەرت تائسیری هەبووە لەسەرت یاخود باشتر بڵێم کێ هانی داویت بەردەوام بیت؟**

**تەها ساڵح:** سەبارەت بە پێناسەی شێوەکارێک بۆخۆی ئەوەندە گرنگ نییە بەقەد ئەوەی کۆمەڵگە و کەسانی ڕەخنەگر و لێکۆڵەری هونەریی پێناسەی بکەن. من دەتوانم ئەوەندە بڵێم کە ماوەیەکە ستۆدیۆی خۆم هەیە لە شاری هانۆڤەری ئەڵمانیا و



ئەزمونی شێوەکاری دەکەم.

لەڕاستیدا لەتەمەنی چواردە ساڵیەوە هێدی هێدی دەستم بەکاری خۆشنوسی کردوە، وەکو تەئسیر، کەس کاریگەری لەسەرم نەبووە، بەڵام حەزی فێربوون کاتێ ئەمبینی ئارام بەدری هاوڕێ و پورزام خۆشنوسی ئەکرد، منیش کەرەستە و پێویستی خۆشنوسیم کڕی و دەستم پێکرد، و دواتر کەوتمە ناو دنیای هونەرەوە کاریگەری هونەرمەندان و کۆمەڵگەم کەوتە سەر.

**بۆپێشەوە: ئایا شکڵ و ناوەرۆک لە تابلۆکانتا چی پەیوەندییان پێکەوە هەیە.؟**

**تەها ساڵح:** شکڵ و ناوەڕۆک زۆر جار گرێدراون پێکەوە، گەلێک جاریش نا، لەبەشێک لە هونەری مۆدێرن و پۆست مۆدێرندا ناوەڕۆک ئەوەندە گرنگ نییە، دیارە وتەیەکیش هەیە دەڵێت "هونەر دەبێت هونەر بێت، پاشان گوزارشت بکات" واتە دەبێت خەسڵەتەکانی هونەری تیابێت، لەکارەکانی مندا ناوەڕۆک زاڵترە لە شێوە.

**بۆپێشەوە: ڕەنگ لە تابلۆکانی تۆدا چ هاوکارییەکت دەکات بۆ گەیاندنی پەیامەکانت ؟**

**تەها ساڵح:** شێوەکاری بێ ڕەنگ ناکرێت!، دیارە ئەتوانرێت بەیەک ڕەنگ سکێچ و هێڵکاری و تەنانەت تابلۆش بنەخشێنرێت، بەڵام ڕەنگ یەکێکە لە ڕەگەزە



سەرەکییەکانی هونەری شیوەکاری.

لەهەندێک شێوازی هونەری ڕەنگ ڕۆڵی سەرەکی لە نایابی تابلۆکە دەگێڕێت.

دیارە لە کارەکانی مندا جگە لە نەخشاندنی تابلۆکە، گوزارشتی ڕەنگی خۆی هەیە، بە نمونە بەهێزی ڕەنگی سور لە گوزارشتی خۆشەویستی و شۆڕش و نارەزایەتییەکان بەرامبەر بەڕەنگی ڕەشی هێزی شەڕ و کۆنەپارێز و ئیسلامی و داعش، هەندێک جار بەپێی حاڵەتەکان دەگۆڕێت، بۆ نمونە داگیرکارییەکانی تورک بۆسەر کوردستان کە ڕەنگی سور وەک هێمایەک بۆ داگیرکاری و مەرگ دۆستی و دژە ئازادی تەوزیف دەکرێت.

**بۆپێشەوە: ئەو شێوازە لە کارکردنی تۆ تا چەند لەگەڵ واقیعییەتی کۆمەڵگەکەمان**



**دێتەوە ؟**

**تەها ساڵح:** شێوازی کارکردنی من لەگەڵ واقعیەتی کۆمەڵگە تا چەند دێتەوە؟ ئەوە ڕەخنەگر و وەرگر بڕیاری لەسەر بدەن، ئەرکی هونەر یان گرنگی هونەر بەتەنیا لە یەک شیوازدا کۆناکرێتەوە، بەڕای من



هەموو شێوازەکانی هونەر گرنگی خۆیان هەیە.

**بۆپێشەوە: هەندەران لە هونەردا چی پێ بەخشیوی وچی لێ سەندویتەوە ؟**

**تەها ساڵح:** سەبارەت بە هونەر بەتایبەت شێوەکاری؛ هەوڵ و ئەزمونێکی تاکەکەسییە، جوگرافیا ئەوەندە گرنگ نییە، ئەوەی گرنگە جێگا و کاتە، دیارە ژینگەی هونەری لە هەندەران باشترە کە ئازادانە کاردەکەیت نە پێوانەی حیزبی و بنەماڵەیی و قەڵافەت و کوڕی شار ناپێورێت! بەرامبەر بەوە کە لە وڵات دەژیت تۆ لەناو جەرگەی



ڕووداوەکانیت و بەرکەوتەی ڕۆژانە و ڕاستەوخۆت هەیە و گفتوگۆی هونەری زیاترت دەبێت کە دەبێتە کەرەستەی کار و پرۆژەکان.

**بۆپێشەوە: ئەبینین لەگەڵ ئەوەی کاتێکی زۆر لەگەڵ شێوەکاریدا بەسەر دەبەیت لە**



**شانۆشدا کاردەکەیت، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن ئەو باڵانسە ڕادەگریت، ئەو دوو بوارە چ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە هەیە؟ چ سود مەندیەکیان بۆ یەکتر هەیە؟**

**تەها ساڵح:** پێم خۆش دەبوو کات بەشی ئەزمون کردنی موزیکیشم هەبوایە، هاهاها، بوارەکانی هونەر تەواوکەری یەکترن، تۆ تەماشاکە لە شانۆدا شێوەکاری (دیکۆر)ی تیایە، موزیکی تیایە وێژە (تێکست) ی تیایە. باڵانس لە نێوان کات بۆ شێوەکاری و کات بۆ شانۆ دەکەوێتە سەر کەسەکە، پلان و دابەشکردنی کاتەکانی نەک تەنیا لە نێوان شانۆ و شێوەکاریدا، بەڵکو هاوسەنگیەک لەنێوان کاری هونەری و ژیان (خێزان و کارکردن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان) من لە سەرەتای کاری هونەری شێوەکارییەوە کەوتمە ناو دنیای شانۆ (وەک دیکۆر و دەمامک و پۆستەر)، بەڵام دواتر لەبەر بارودۆخی سیاسی کوردستان و جەنگی عێراق و ئێران و بەردەوام نەبوونی ئەکتەرەکان لەکارە شانۆییەکان بەهۆکاری سەربازی وکارکردنیان. لە ڕێکخستنەکان دەبوو وەک نواندنیش بەشدار بین بۆئەوەی کارە شانۆییەکان نەوەستێت و بەردەوام بێت.

بەڵام دواتر و لە تاراوگە بەردەوامیم بە



کاری دیکۆری شانۆ و بەشێوەی پچڕ پچڕ تا ساڵی ٢٠١٥ کە لەگەڵ کۆمەڵێ هاوڕێ گروپێکی شانۆی ڕاگوزەریمان دامەزراند بەناوی گروپی سکێچ . Improvisation

لەئەزمونی ئەو پێنج ساڵەدا گەیشتومەتە ئەو ڕاستییەی کە شانۆی ڕاگوزەری بۆ هەموو کەسێک پێویستە ئەزمونی بکات، بەتایبەت شانۆکاران. من خۆم سودێکی زۆرم لەشانۆی ڕاگوزەری وەرگرتووە چ بۆ شێوەکاری چ بۆ ژیان . من ڕۆژانە کاری شێوەکاری دەکەم و هەفتەی جارێک پرۆڤەی شانۆیی دەکەم، بەڵام زۆرێک پێیان وایە مرۆڤ دەبێت لەیەک بواردا قاڵ بێت و یەک بواری هونەری هەڵبژێرێت، من دەڵێم دەمەوێت ئەزمونی ژیان بکەم ، هونەر بەردەوامی دەدات بە ژیان .


# دەبێ ئازادبم



دەبێ ئازادبم
ئازاد, وەك كۆتری كێوی
وشەكانم بە باڵی شیعرم هەڵفڕییان
حەزم ئەكرد دەنگی سرودم ئازادبێ
ئازاد, وەك دەنوكی پاساری
دور لە چاوی هەڵۆ ماڵیەكان
لە هەركوێك پێی خۆشبایە بخوێنێ
بخوێنێ,
لەنێو قژی سەوزی شۆڕەبیی
بەسەرشانی سنەوبەری خۆشەویستی
بەسەر ڕوباری درێژی عشق و
لەنێولەپی دەستی ئومێد و
لەنێو تورەیی بلـ دا ئازاد بخوێنێ,
ئەوەندە ئازاد بام
لەسەر تەختەڕەشی پۆلدا و
لەبەردەم مامۆستای فیزیا
بمنوسیایە مەودای دووری و
خولانەوەی زەوی
بەدەوری پرتەوی خۆردا
یەكسانە, بە شۆرشی عیشق و
بەرابەری

فوئاد عزیز /ئۆكتۆبەر 2018

# کاتێ ئەسپەکان ئەمرن




هەناسە بڕکێیان
پێدەکەوێ
..کاتێ
کەئەسپەکان دەمرن.
ڕەنگیان دەپەڕێ
و زەرد ئەبن..
کاتێ کە گژوگیا دەمرێ .
تاریکی دادێ ..
کاتێ کەڕۆژ ئاوادەبێ .
گۆرانی بۆ دەڵێن ..
کاتێ کە مرۆڤ دەمرێ

ALS PAARDEN STER-
VEN ... Maksim Gorki
(1868-1936)

هۆنراوەی : مەکسیم گۆرگی
وەرگێڕانی : ئەحمەد جوانکار

# سێ بەرهەمی هونەرمەند سەردار عەبدوڵا









## گۆشەی ئەدەب و هونەر

# دڵم لەفارگۆنێکی چۆڵ دەچێت



دڵم لەفارگۆنێکی چۆڵ. دەچێت
شەمەندەفەرەکەم
گەشت
بەڵام فارگۆنەکان بەتاڵ
بەتاڵ بوون
سەرمێزی چێشتخانەکە
مێرولە تێییابوو
کورسیەکان تۆزیان
لێنیشتبوو
ناو توالێتەکان
پڕبوو لەسەری بڕاوو
شەمەندەفەرەکەم
گەشت
ناو تەرمینالّەکە لەمن و
سوالکەرێك
هیچ کەسێکی تری لێنەبوو
تەماشای هەر شوێنێکم
دەکرد
دوکەڵی لێ هەڵدەسا
دەستم نەدەگەشتە
سەر شووشەی
هیچ پەنجەرەیەك و
تۆزەکەیم
بۆفوو لێنەدەکرا
شەمەندەفەرەکەم
گەشت
دڵم جوڵەیەکی نەکرد
هەناسەم نەخستە
ناو گیرفانی کراسی
ژنە شەنگالیەکەوەو
سەرم بۆهەڵنەگیرایەوە
شەمەندەفەرەکەم گەشت و
تۆی تیانەبوویت
هەر هەمووشتێك
وەك فارگۆنەکان بەتاڵ
بەتاڵ بونەوەو
تۆش شەیتانێکت
بەنەعلەت نەکردو
لەبری ئەوەی
پەرداخێکم بۆپڕکەیت
لەئاوو
بیخۆمەوە پەرداخێکت
تیا شکاندم
دڵم پڕە لەوردە
شووشەو
لەژێر عەینەکەکەمەوە
خوێن دەڕژێتە خوارەوەو
شتێکم بۆهەڵناگیرێتەوەو
شتێکم بۆنانوسرێ
شەمەندەفەرەکەم
گەشت و
گوێم لەزەنگی
کلێسایەك نەبوو
کەسێکیش پێی نەووتم
چاوەڕوانیت باش
هیلاکیت خۆش
شەمەندەفەرەکەم
گەشت و
تۆی تیانەبوویت
هەموو شتێك وەك
دڵی من چۆڵ چۆڵبوو
وەك هەناسەی من
توند توند بوو
دایکم زوزو دێتە خەوم
و. پێمدەڵێت
کوڕم کەی تۆ وابویت
کەی بەدەم خەوەوە
چویت بۆگۆڕستان و
کەی تۆهاوڕێی
مردووەکان بویت
خۆشم لەخۆم تێناگەم
نە لەبەر ئاوێنەدا خۆمم
بۆدەناسرێتەوە و
نەدەتوانم ماسیەك
لەتۆڕی ڕاو چیەك
ڕزگارکەم ئەوساتەی
هاوار بۆخوا دەکات
نازانم ئەم تەرمینالّە
بۆئەوەندە چۆڵە
هیچ شتێك بەپێوە نیە
هیچ پێیەك بەلاشەوە
نیە
شەمەندەفەرەکەم
گەشت و قەسیدەیەکی
خۆمم بۆنەخرایە
ڕستەوەو
تابزانم مساوی دەبێت
بەچی
بەتەنیایی
یان بەغوربەت
یان بەمەرگێکی شێتانە
هیچ تێناگەم
ئەم دەنگە دەنگەی
لەناومایە
نە ڕەنگی هەیەو
نەبۆنی هەیەو
نەشتێکم لەگەڵ
دەخوێنێتەوەو
نەبەیانیەك بۆنوێژ
خەبەرم دەکاتەوە
دایە گیان من ئەمەنیم
کەی من وردەشووشەم
لێ کەوتوتە خوارەوەو
کەی من بەردم گرتۆتە
پەنجەرەی
دراوسێکەمان
هیچ تێناگەم سەرم
لەشوێنێکەو
لاشەشم بەدرەختێکی.
بێپەردا شۆڕبۆتەوە
شێتیان کردوم جێکە
جێکی دەرگای
ژوورەکەم
وەقرەی لەبەر بڕیوم
بنی پێم وردەشووشەی
لێدەکەوێتە. خوارەوەو
دڵم بۆناخرێتەوە
ناوجانتاکەم
شەمەندەفەرەکەم
گەشت و
فارگۆنەکان بەتاڵ
بەتاڵ بون
دڵم لەسەر کورسی
تەرمینالّە. بەجێهێشت و
کاتژمێرەکەی دەستیشم
شکاند
نائیتر ئەوەندە نامرم
ئەوەندە بەهەتاو ناڵێم
لێرەوە مەڕۆو
ئەوەندە بەکوژراوی
خۆم هەڵناگرمەوە
دایکم زوزو پێمدەڵێت
کوڕ م بۆئەوەندە
بەدەم خەوەوە
قسەدەکەیت
ئەمەتۆنیت ...................

میرزا ١٤/٨/٢٠٢٠

# دەشتی جەمال: ئەو بەهایانەی ئەمڕۆ پارتی دەیەوێت بیکاتە یاسا بەهانەیەکە بۆ چەوساندنەوەی چینایەتی لە کۆمەڵگەدا, هەنگاوێکە بۆ تەنگەبەرکردنەوەی ئازادی ڕەخنەگرتن و ڕادەربڕینی ئازادانەی جەماوەری ناڕازی...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز دەشتی جەمال بەرپرسی ڕێکخراوەی دەرەوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان سەبارەت بە بەرین بوونەوەی هێرش بۆ سەر ئازادی و ئازادییەکان



**بۆپێشەوە: هێرشەکانی دەسەڵات بەتایبەتی پارتی بۆسەر ئازادییەکان، چەندە پەیوەندی بە بەرینبوونەوەی ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی کوردستانەوە هەیە؟**

**دەشتی جەمال:** هێرشەکانی دەسەڵاتدارانی پارتی و یەکێتی بۆسەر خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییانەی کوردستان و پاشان هێنانی چەند پرۆژە یاسایەک بۆ بەرتەسکردنەوەی ئازادییەکان سیاسەتێکی دەسەڵاتدارانە لەپێناو توندکردنەوەی سەرکوت و پاشەکشەپێکردن بەم ناڕەزایەتیانەو دروستکردنی ئاستەنگ لەبەردەمیدا، چونکە دەسەڵات بەتەواوی لەوەگەیشتوون کە ئەم ناڕەزایەتیانە ئەگەری بەرفراوانبوونەوەی هەیەو ڕووی لەهەڵپێچانی دەسەڵاتەکەی ئەوانە. بەتایبەتی نەفرەت و بێزاری و توڕەیی خەڵکی کوردستان بەرامبەر بەهەژاری و نەداری و بێموچەیی و نەبوونی خزمەتگوزاری و گەندەڵی ئەم حزبانە بەوپەڕی خۆی گەیشتووە خەڵک چی دیکە توانای تەحەمولکردنی نەماوە و دەسەڵاتیش لە قەیران و بنبەستیەکی گەورەدا پەلوپۆ دەکوتێت و توانای وەڵامدانەوەی بە پێداویستیەکانی ڕۆژانەی خەڵک نییە هەر بەو هۆیەوەو کەوتۆتە پەلاماردانی هەڵسوڕاوان و ڕاپێچکردنیان بۆ زیندانەکان ... بەمانایەکی تر ئەوەی پارتی هێرشێکی هەمەلایەنەی ڕێکخستووە ترسی لەوەیە ئەم ناڕەزایەتیانە لەژێر قەڵەمڕەوی خۆیدا لەوەی ئێستا هەیە زۆر زیاتر پەرەبسێنی بەتایبەتی لەماوەی دەسەڵاتدارێتی پارتی لە ناوچەی زۆنی زەردا کە بەوپەڕی توانای خۆیەوە هیچ دەرفەتێکی بۆ ئازادی و دەربڕینی دەنگی ناڕازی نەهێشتبووەوە بە سەرکوت و داپڵوسین وەڵامی وەردەگرتەوە، هەربۆیە ئەگەر دیقەت بدەین زۆربەی ئەو هەڵسوڕاو و ڕۆژنامەنووس و نەیارە سیاسییانەی دەستگیرکراون ئەوانن کەبەشی پیشڕەو و ڕێکخەری ئەو ناڕەزایاتیانەن تا بتوانێت لە نیوەی ڕێگا پەکی بخات و پەلامار زیاد دەکات تا بەربگرێت بەمەترسی گەورەبوونەوەی ناڕەزایەتیەکان وە هاوکاتیش چاوترساندنی هەرکەسێکی ناڕازی و ڕەخنەگر لە پاوانخوازی و تالانچێتی پارتی .

**بۆپێشەوە: حزبە پێکهێنەرەکانی کابینەی حکومەت خەریکی هێرشن بۆ سەر ئازادی و ئازادییەکان، لە ژێر ناوی پاراستنی بەها نیشتیمانی و نەتەوەیی و دینی...تاد چۆن دەڕواننە ئەو بەهایانە؟ مەبەست لەو بەهایانە چییە؟**

**دەشتی جەمال:** ئەوبەهایانەی جێگای ئاماژەپێکردنی پرسیارەکەتانە کۆڵەکەی ڕاگرتنی ناسیونالیزمە وەک ڕەوتێکی فکری کۆمەلایەتی کەهەڵگری نانەوەی دووبەرەکی و جیاکاری نێوان ئینسانەکان و خستنەوەی خورافەو گێژکردنی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکیشە و هەمیشە کۆسپ بوون لەبەردەم گەشەو پێشکەتنی کۆمەڵگە و خۆنواندو کۆششی ئینسان لە ژیانی ڕۆژانەدا. تەماشاکەن هەمیشە ئەحزابی بۆرژوا ناسیونالستی کورد بەدرێژای مێژو و نیشتیمان پەروەری و ڕەگەزپەرستی و عەشیرەتی و ئالا و رموزە دینی و بە ئاغاو دەربەگ و شێخ و مەلاوە.. .ئالا وە وەک چەکێکی فکری و سیاسی کەلتووری لە پیناو ملکەچ پێکردنی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستاندا بۆ خزمەت بەمانەوەی دەسەلاتەکەیان و بەرامبەر بەمەترسی هۆشیاربوونەوەی کۆمەڵگە بەکاریان بردوە، ئالایان وەک هێمایەکی نەتەوەیی بە خەڵکی کوردستان قەبڵاندوە و بە بەهای بەرز قەبڵاندویانە، لە کاتێکدا ئەوەی موقەدەسە ئینسان خۆیەتی، پەیوەندی نێوان ئینسانەکان ڕەنگدانەوەی نێوان پەیوەندی کاڵاکانە. هەروەک دەوترێت بیروباوەڕی زاڵ لەهەر کۆمەڵگەیەکدا بیروباوەڕی ئەوانەن دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە.

ئەوبەهایانە ئەمرۆ پارتی دەیەوێت بیکاتە یاسا بەهایەکە بۆ چەوساندنەوەی چینایەتی لە کۆمەڵگەدا، هەنگاوێکە بۆ تەنگەبەرکردنەوەی ئازادی ڕەخنەگرتن و ڕادەربڕینی ئازادانەی جەماوەری ناڕازی بەچاوسورکردنەوەی نەتەوەیی و دینی و نیشتیمانی. هەربۆیە پێویستە بە خەباتێکی یەکگرتوانەو هۆشیارانە دژ بەو یاسا کۆنەپەرستانە و دژە ئازادیانە بوەستینەوە و کار بکەین لەدژی یاسای جیاکاری و هەڵاواردنی نەتەوەیی و دەمارگیری و تۆڕهەڵدانی هەرجۆرە ئینتیمایەکی دینی و نەتەوەی لەیاساکاندا و بەڕەسمیت ناسینی مافی هاوڵاتی یەکسان بەسەر هەمووواندا بەبێ لە بەرچاوگرتنی هەر ناسنامەیەکی نەتەوەیی، ڕەگەز و بیروباوەڕ و نەژادێک. بەرگری لەبەها پێشڕەو و ئینسانی و مافە جیهاندارگە ئینسانیەکان بکەین.

**بۆپێشەوە: هەموو حزبە سیاسییەکانی ناو خانەوادەی بۆرژوازی لافی دیموکراتی و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و بەرگری لە ئازادی لێدەدەن، کەچی بەکردەوە پێچەوانەی ئەم بانگەشانە ڕەفتار دەکەن، لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟**

**دەشتی جەمال:** دیماگۆجیەت ڕەوشتێکی هەموو ئەحزابێکی بۆرژوازیە لەژێر ناوی دیموکراتی و مافی مرۆڤ دا. کۆنەپەرسترین و سەرکوتگەرترین یاساو وە دەسەڵات بەسەر خەڵکدا بەڕێوە دەبەن، کارنامەی ئەحزابی بۆرژوا ناسیونالیستی کورد پێمان دەڵێن کە هیچ یەک لەحزبەکانی بۆرژوازی کورد ناتوانێت دیموکراتخواز و پێشکەوتنخواز بێت وئاراستەی کاری قازانجەکانی خەڵک و داکۆکی کارو بەڕێوەبەری یاسا سکولارو ڕەوشت و فەرهەنگی پێشکەوتنخواز بێت، بۆیە باسی دیموکراتی و مرۆڤدۆستی تەنها بۆ هەڵخەڵەتاندن و فریودان و چاوبەستکردنی خەڵکی ژێر دەستیانە... ئەم حزبانە هەموویان سەر بە ڕەوتیکی فکری و سیاسی کۆمەڵایەتی دیاریکراون، وەڵامدەرەوەی پرس و پێداویستیەکانی بۆرژوازی کوردن، دەیانەوێت وانیشان بدەن کە بەرگریکاری ئازادی و ڕێزگرتنن لەمافی مرۆڤ، بەڵام لەواقعدا حزبە سیاسیەکانی نێو خانەوادەی بۆرژوا ناسیونالیستی کوردن و لە ناوەرۆکی سیاسی و چینایەتیدا یەک قوماشن و یەک بەرژەوەندی چینایەتی کۆیان دەکاتەوە .

ئاماری سەرکوتکردنە سیاسەیەکان، کوشتنی دیل و تیرۆری نەیارانی سیاسی و ڕۆژنامەنووسان، ئەشکەنجەدان، ناوزڕاندن و تیرۆری کەسایەتییەکان، پێشلی مافەکانی ژنان و کوشتنیان لەگەڵ ئەو هەموو بێمافی و بەهەژارکردنی خەڵک و بێخانەولانەیی و ئاوارەییەی بەسەر خەڵکدا دایانسەپاند و تا ئەو یاسا کۆنەپەرست و پرۆژە بڕیارانەی لەلایەن ئەوحزبانە دەرچووە هەمووی بۆ تەنگەبەرکردنەوەی ماف و ئازادییەکان و دژی (مافی مروڤ و دیموکراسی) حوکمێکە پێچەوانەی ئەوبانگەشانە چووتە پێشەوەو ڕەوایی پێنادات، لافی دیموکراسی و مافی مرۆڤ ئەوەندە بەو حزبانە دەپێورێ کە قازانج و بەرژەوەندیەکانیان دەپارێزێت و مەشروعیەتیان پێبدات.

> **دیماگۆجیەت ڕەوشتێکی هەموو ئەحزابێکی بۆرژوازییە, لەژێر ناوی دیموکراتی و مافی مرۆڤدا کۆنەپەرسترین و سەرکوتکەرترین یاسا و دەسەڵات بەسەر خەڵکدا بەڕێوە دەبەن, کارنامەی ئەحزابی بۆرژوا ناسیونالیستی کورد پێمان دەڵێن کە هیچ یەك لەحزبەکانی بۆرژوازی کورد ناتوانێت دیموکراتخواز و پێشکەوتنخواز بێت...**

> **بەدڵنیایەوە ئێمە کەمپەینەکەمان هاوشانی خەڵکی ئازادیخوازو چەند گروپی تر لە ئازادیخوازان درێژەی دەبێت, ئەم کەمپەینە بەشێکە لەخەباتی خەڵکی کوردستان بەرامبەر دەسەڵاتدارانی پارتی و یەکێتی و بەهەر پاساوێك سیاسەتی ملهوڕی و سەرکوت و گرتن درێژە پێیدەن, ئێمەش بەتەواوی تواناماەوە لەبەرامبەریدا ڕادەوستین و لەسەر هەوڵەکانی خۆمان لەدەرەوە بەردەوام دەبین...**



# یوسف عوسمان:ئەوانەی خۆمان هەر هەمووی (دەدزن) واتە گەندەڵ نین! بەڵکو دزن دەستەواژەی گەندەڵی ناتوانێ جوانکاریان بۆ بکات

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز یوسف عوسمان عەزیز چالاك و چاودێری سیاسی، سەبارەت بە بەرینبوونەوەی هێرش بۆسەر ئازادی و ئازادییە سیاسییەکان ...

**بۆپێشەوە: لەو ماوانەی دواییدا هێرش بۆسەر ئازادی و ئازادییەکان تادێت بەرینتر دەبێتەوە، هۆکاری بەرین بوونەوەی ئەو هێرشانە چییە؟**

**یوسف عوسمان:** سەرەتا ئەوەی لە باشوری کوردستان دەگوزەرێ لەو نزیکەی سی ساڵی ڕابردوودا، بەهیچ شێوەیەک هیچ جۆرە یاسایەکی فەرمان ڕەوایی مێژویی دونیایی لەسەر جێبەجێ نابێت، تاکو وێنای بکەی بە سیستەمێک. نە لەمێژووی دونیایی بوونی هەبووە، و نە تا دونیاش دەمێنێت شتی وا دەبینێتەوە. بۆ نموونە دەستەواژەی گەندەڵی کە نەوشیروان موستەفا داهێنەری بووە لەسەر ئەوانە جێبەجێ نابێت. چونکە گەندەڵی لە دونیایێ بە پێوانەی پۆینت حیسابی بۆ دەکرێت، هەر لە چارلسی یەکەم گەورە خوێندکاری ئینگلیز کە لەسەر ئەوە سەری پەڕێنرا تا دەگاتە ئەو ڕژێمە فاسدانەی ئێستا لە حوکم دان. بەڵام ئەوانەی خۆمان هەر هەمووی ( دەدزن) واتە گەندەڵ نین! بەڵکو دزن دەشتەواژەی گەندەڵی ناتوانێ جوانکاریان بۆ بکات، ئەوانە سەد لە سەدی دەدزن ئەوە نیە لە ساڵی ٢٠١٤ موچەی نادەن و خۆیان هەر دەوڵەمەند دەبن و قەرزەکانی نەوەکانی ئاییندەشمان گەیشتۆتە ٢٨ ملیار دۆلار. بۆیە کە خەڵک لێیان دێتە دەنگ، واتە مەترسی دەکەوێتە سەر دزی کردنەکانیان ناچارن هەڵمەتەکانیان توندکەنەوە لە دژی هەر کەسێک بزانن ڕێگری دزیەکانیان لێ دەکات.

**بۆپێشەوە: پڕۆژە یاسای" ڕێکخستنی کاری میدیای ئەلکترۆنی" پڕۆژەی یاسای لیژنە دروستکردن بەر لەچاپکردنی کتێب" پڕۆژە یاسای بێڕیزی بە هێما نەتەوەیەکان سزاکەی حەوت ساڵی زیندانییە"... چۆن دەڕواننە ئەم پڕۆژە یاسایانە؟**

**یوسف عوسمان:** بابەتی چاپکردنی کتێب و وەرگرتنی ژمارە سپاردن لەوەزارەتی ڕۆشنبیری کەس کاری پێ ناکات. خەڵک بە پی دی ئێف و دیزاینی کتێبەکەی بۆ دەزگایەکی کوردی ئێرانی پۆست دەکات، و بە بەهای پێنج سەد شەش سەد دۆلارێک، و خۆیان بێ سانسۆر لەو بەر بەرەڵاییەی ئێستا پێنج سەد کتێبی کەبس کراوت بۆ دەنێرنەوە. بابەتی بێڕێزی بەها نەتەوەییەکانی وەک ئاڵا و سنوری کوردستان و بەناو سەرکردە ڕەمزەکان بەرپرسە باڵاکان. کەس بێ ڕێزی پێ نەکردوون تەنیا ئەوانەی خۆیان پشتیان پێ بەستاون لە حکومەتەکانی تورکیا و ئێران و خودی عێراقیش ئەوانە سەرەتا سوکیان کردون، هی خەڵک هەر تەعقیبە بۆ ئەو سوکایەتیە پێکردنەی دوژمنان.

**بۆپیشەوە: چۆن دەڕواننە هێزەکانی وەکو گۆڕان و ئیسلامیەکان، لە پەیوەند بەو هێرشانەدا کە دەکرێتە سەر کەشی نیمچەکراوەی سیاسی کوردستان و ئازادییەکان؟**

> **گۆڕان سەرەتا لە هاتنە ناو حکومەت لە دەمی نەوشێروان کە خاوەنی نیو ملیۆن دەنگدەری حەقیقی بوو لەگەڵ سەدان چەکداری هەمو لایەنەکان. بەڵام ماهیەتی ئۆپۆزسیۆنی بۆ دەمێکی دوور تێکشکاند و ئومێدی خەڵکی بۆ گۆڕانکاری نەهێشت. خۆیان بوونە دارشەقی ئەو دەسەڵاتە شڕو شەقەی پارتی و یەکێتی و خەڵکی بێ ئومێد کرد بۆ باشبوونی ژیان...**

**یوسف عوسمان:** گۆڕان سەرەتا لە هاتنە ناو حکومەتی لە دەمی نەوشێروان کە خاوەنی نیو ملیۆن دەنگدەری حەقیقی بوو لەگەڵ سەدان چەکداری هەمو لایەنەکان. بەڵام ماهیەتی ئۆپۆزسیۆنی بۆ دەمێکی دوور تێکشکاند و ئومێدی خەڵکی بۆ گۆڕانکاری نەهێشت. خۆیان بوونە دارشەقی ئەو دەسەڵاتە شڕو شەقەی پارتی و یەکێتی خەڵکی بێ ئومێد کرد بۆ باش بوونی ژیان. لەوێوە گۆڕان بوە کۆپی پارتی و یەکێتی بە بچوک کراوەیی. ئیسلامیەکان بەگشتی لەبن باندۆر و کاریگەری حەرەکەی ئیسلامی دونیایێن تێڕوانینی حەز و ویستی نەتەوەکەمان ناکەن بۆ ئازادی و سەربەستی. هەردوو هێزی ئیسلامی ئێرانی و تورکی کاریگەری تەواویان هەیە لەسەریان و ئێستا کەنداویش بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان بەکاریان دێنێت، حیزبە سیاسیە ئیسلامیەکان بونەتە چەتر هەڵگری هەر باو بۆرانێکی جیهانی ئیسلامی لێرە لە کوردستان.

**بۆپێشەوە: چۆن دەکرێت ڕێگە لە تێپەڕاندنی ئەو پڕۆژە یاسایانە بگیرێت، کە دەکرێت بڵێین یاسای بەعسیانەو داعشیانەن؟**

**یوسف عوسمان:** زەحمەتە ڕێ لەتێپەڕاندنی ئەم یاسایە بگیرێت! چونکە بەشی زۆر و کاریگەری ئەو بەناو پەرلەمانتارانە لە حیزبەکانی دەسەڵاتن بەتایبەت پارتی و وابەستە سێبەرەکانی و یەکێتیش هەر وەک کوچەکوچە بەدوای خل بونەوەیە و بێ هەڵوێستە. بەگشتی دەکرێتە یاسا لە نەبوونی شەقامێکی ئۆپۆزسیۆنی حەقیقی بە هەڵوێست و هەروەها نەبونی کاریگەری دەنگی نارەزایی دەرەوەش، بەتایبەت لەوێش قەڵەم فرۆشەکانی سەر بەدەسەڵات هاوکار و هاوئاهەنگی مەرامی دەسەڵاتن. بەڵام هیچ کاریگەری ئەو پڕۆژە یاسایانە نابێت بۆ سەر ڕای گشتی خەڵک. چونکە نادادی و پێنەدانی موچە بەتایبەت کاری کردۆتە سەر هەموو توێژەکانی کۆمەڵ هەتا بەهی دەسەڵاتەوەش، لێرە لەبەر ئەوەی فۆرمی دەوڵەتداری نییە کە لەسەرەتا باسم کرد. بە بەڵگەی بەڵگە نەویست هیچ یاسا و بڕیارێکیان بۆ جێ بەجێ ناکرێت.

**بۆپێشەوە: ئێوە کەمپەینێکتان بۆ ئازادکردنی گیراوە سیاسیەکانی کوردستان دەستپێکرد، ئەم کەمپەینە بە کوێ گەیشتووەو کارگەرییەکەی چۆن بووە... ؟**

**دەشتی جەمال:** ئەم کەمپەینەی ئێمە بۆ ئازادکردنی دەستبەجێی گیراوەکانی ئەم دواییانەی خۆپیشاندانەکانی کوردستان و شیروان شیروانی و گرتن و ڕفاندنی هەڵسوڕاواندا گەیشت بە ئاستێک کە ژمارەیەک لە ئەحزابی چەپ و کۆمۆنیست و یەکێتی کرێکاری و ڕێکخراوەکانی چاودیری مافی مرۆڤ و ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی تەنانەت پەرلەمانتارەکانی لە ئاستی ئەوروپادا لێ ئاگادارکراوەتەوەو ژمارەیەک میدیای جیهانی هەواڵەکانی ئەم سەرکوتگەریی و دژی ئازادییەی پارتیان لەنێو ماڵپەڕو رۆژنامەکانی خۆیان بڵاوکردۆتەوە خۆشبەختانە بەشێک لەو لایەن و کەسایەتیانە، پشتیوانی خۆیان لەم کەمپەینە ڕاگەیاندوەو... نامەی نارەزایەتیان ئاراستەی نوسینگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەت کردوە و تەنگەتاویان کردوون، لەوەڵامی ئەو فشارانەی لەدەرەوە کراوەتە سەریان نکۆڵی لەوەدەکەن کە ئەو ژمارە زۆرەیان لە زیندانەکان توندکردبێت، بەڵام ئێمە و هەڵسوڕاوان ئەو ناڕاستیانەی ئەوانمان بەو لایەنانە گەیاندوەو نیگەرانی خۆمان لەچارەنووسی زیندانیەکان و سەلامەتیان خستۆتە ئەستۆی دەسەڵاتدارن، سەرئەنجام ئەم فشارانە بۆتە هۆی ئەوەی بەشێک لەگیراوەکان بەکەفالەت ئازادکراون، بەڵام هێشتا چەند هەڵسوڕاو و کەسایەتی تر لەزیندانە شاراوەکانی پارتیدا بێ لێکۆڵینەوە و ڕێگەنەدان بە بینینیان لەلایەن کەسوکارو پاریزەرەکانیان، ڕاگیراون. بەدڵنیایەوە ئێمە کەمپەینەکەمان هاوشانی خەڵکی ئازادیخوازو چەند گروپی تر لە ئازادیخوازان درێژەی دەبێت و ئەم کەمپەینە بەشێکە لەخەباتی خەڵکی کوردستان بەرامبەر دەسەڵاتدارانی پارتی و یەکێتی و بەهەر پاساوێک سیاسەتی ملهوڕی و سەرکوت و گرتن درێژە پێبدات ئێمەش بەتەواوی توانامانەوە لەبەرامبەریدا رادەوستین و لەسەر هەوڵەکانی خۆمان لەدەرەوە بەردەوام دەبین تا ئەو ئاستەنگیانەی بۆ دەربڕینی بیروڕا و ڕەخنەو ئازادی خۆپیشاندان و مانگرتن پێکهاتووە، بشکێنین.

## درێژەی دوا وتە

سازکردن و جنیو دان و...تاد. خودی بزوتنەوەی کوردایەتی کارگەی ئەفراندنی کەلتورێکی سیخناخە لە جنێو و سوکایەتی و بێ رێزی نواندن و لەوەش زیاتر پیادەکردنی کەلتوری توندوتیژی و سڕینەوەی جەسەدی و تیرۆری فکری و کەسایەتی.

ئاوڕێکی خێرا لەسەردەمی شەڕی دەسەڵاتی نێوان حزبەکان، لێوان لێوە لە داهێنانی جنیو و تیرۆری کەسایەتی و کوشتنی نەیاران. وەگەڕخستنی ماشێنێکی جەنگی بۆ قەتڵ و عامی یەکتری و بەدەستەوەگرتنی دزێوترین شێوازی کوشتار و دیلکوژی و بێ سەروشوێن کردن و گیان کێشانی دەیان کەس بی هیچ دادگاییەک. ئەمانە بوختان نین و سەدان و هەزاران دۆسیە لەبەر دەستن کە خودی کاراکتەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی و نووسەران، گەواهی دەری رووداوەکانن و تۆماریان کردوون.

لە جەنگ و ململانێی داسەپاندی هەیمەنەو دەسەڵاتدا، هیچ پیرۆزییەکان نەهێشتۆتەوەو سنورێک و هێمایەکیش بۆ دەست ڕاگرتنیان نەبووە.

شانازی کردن بە "ئاڵا، سرودی نیشتیمانی، پێشمەرگە، رابەرە میژوویەکان" کەناڵیزەکردنی شێوازی ئابدەیتی خۆیانن بۆ دەسەڵات روو بە جەماوەری نارازی و بۆ سەرکوتی ئازادی و ئازادییەکان. هەموو کەسێکی ویژدان زیندو دەزانێت، لە جەنگی دەسەڵاتی خۆیاندا یان لە کردەوەی نۆکەر پیشەییدا... نە ئاڵا و نە سرودی نیشتیمانی و نە پیشمەرگەو نە رابەرە میژوویەکان، بایی سەرە دەرزییەک ڕیزیان لێ نەگیراوە. هێنانی سوپا بۆ سەر حکومەت و پەرلەمان بە ئاڵای کوردستانەوە، پەلکێشکردنی سوپا بۆ سەر قودسی کوردستان و بە ئاڵاوە، هێنانی پاسدار و میتی تورکی بۆ ناو خاکی عەزیزی وەتەن و ژێر ئاڵای جێگا شانازی، قەتڵ و عامی یەکتری و پیشمەرگە!! بە نەعرەتەی سرودی نیشتیمانی و بە بڕیار و رابەری رابەرە مێژووییەکانەوە، بەڵگەی حاشا هەڵنەگری ئەوەن تەنانەت ئاڵاو سرودی نیشتیمانی و پیشمەرگە و رابەرە مێژووییەکان تەنها هێندە پیرۆزن کە دەسەڵات و هەیمەنە و قەڵەمرەوی سیاسییان زامن بکات.

هەر حزب و رێکخراوەیەکی سیاسی، ئینسان لای پیرۆز و میحوەری نەبێت، بەناوی پاراستنی پیرۆزییەکانەوە ئینسان و هەرچی بەهای ئینسانی هەیە، ژێر پێ دەخەن. پیرۆزییەکان کە سەرەکیترینیان ئینسان و ئازادی و ئازادییەکان و مافی ژیانێکی شکۆدارە، هەمیشە بوونەتە قوربانی بانگەشەی پیرۆزییە نیشتیمانی و نەتەوەیی و تایفی و دینی و سمبولە سازکراوەکانیان.

بەناوی مقەدەساتە ساختەو دروستکراوەکانەوە، مقەدەساتە واقعییە حاشالێنەکراوەکان ژێر پێخراون و دەخرێن. لای حزب و لایەنەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی، ئاڵا پیرۆزە و ئینسانی ژێر ئاڵاکە نا. سرودی نیشتیمانی پیرۆزەو ئینسانی گوێ کراوە، نا. رابەرە میژوویەکان پیرۆزن و ئینسانەکانی ناو کۆمەڵگە نا. پێشمەرگە پیرۆزە و هاوڵاتی نا. نەتەوە پیرۆزەو تاکەکانی کۆمەڵگە نا. سات و سەودا و نۆکەرایەتی پیرۆزەو ژیان و ئازادی و ئازادییەکان ئینسان نا.... چ بێ شەرمیەکە؟

ئەوە بەجیا لەوەی چ ئاڵا و چ سرودی نیشتیمانی و چ پیشمەرگە و چ رابەرە میژووییەکان، لەهیچ جێگاو شوێنێکی فەرمی و بەئیرادەی خەڵکی بڕیاریان لێنەدراوە و وەکو فیگەری گشتی بەرەسمی نەناسراون. ئاڵای ئێستای کوردستان، ئاڵای کەلتورێکی دیاریکراوە، ئاڵای بزوتنەوەی کوردایەتییەو لە هیچ ریفراندۆمێکی گشتی و جەماوەریدا بریاری لێنەدراوەو نوێنەرەوەی تەواوی دانیشتوان و بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و کەلتورەکانیان و پێکهاتەکانی ناکات.

سرودی ئەی رەقیب، بەهیچ جۆرێک سرودی نیشتیمانی نییەو سرودی هەمان بزوتنەوەی کوردایەتی و لەناو ئەو بزوتنەوەیەشدا هی حزبی زاڵ و بەپێی سلسیلەی میژوویش کۆن و عەنتیکەیە، تەنانەت بەشێک لە حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و نووسەر و کاراکتەرەکانی رەتی دەکەنەوە خوازیاری گۆڕینین، ئەوە بەجیا لەوەی ئەویش وەکو ئاڵاکە، لەهیچ شوێنک و ناوەندێکی فەرمیدا، رەسمیەتی وەرنەگرتووە.

پێشمەرگە ناوێکە بۆ چەکداری حزبە سیاسیەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی لە کوردستانی عیراق و ئیراندا، کە ئەویش ناوێک نییە بۆ نەتەوەو قەوارەیەکی دەوڵەتی رێکخراو دامەزراوەیی... بەڵکو هێزی حزبین و بەشێکن لە ماشینی پاراستنی قەڵەمرەوی حزبی یان کەرەستەی گەیشتی حزبەکان بەبەشێک لە دەسەڵاتی دەوڵەتە مەرکەزییەکان، وە پیشمەرگە بەناوی رزگاری و سەربەخۆیی ئازادیییەوە لەلایەن هەمان ئەو جەنابانەی بزوتنەوەی کوردایەی کراونەتە زەخیرە گەیشتین بەدەسەڵات و بوون بەبەشیک لەدەسەڵاتی جەلادەکان و هەر ئیستاش بە هەزاران پیشمەرگە، لە خراپترین ژیان و گوزەراندان.

ڕابەرە میژووییەکان... ئەمەیان زۆر موسیبەتە، کام رابەر؟ کام رابەری میژوویی بزوتنەوەی کوردایەتی هەیە، سەرجەم خەڵکی کوردستان بەرابەری خۆی بزانیت؟ کامیان هەیە دەستی لەگەڵ لەگەڵ یەکێک لە رژێمە دیکتاتۆرەکان و و جەلادانی خەڵکی کوردستان تیکەڵ نەکردبێت؟ کامیان هەیە دەستبردنی بۆ وەریخستنی بزوتنەوەو یاخی بوون، بە پشتیوانی جەلادێک و رژێمێکی خوێن رێژی ناوچەکەوە نەبووبێ؟ کامیان هەیە وەڵامی بە پرسێکی گرنگی سیاسی دابێتەوە و گرێیەکی بنچینەکی کردبێتەوە؟ گرفتیکی چارەسەرکردبێت؟ ئاخر ئەگەر مانیلا بوو بەرەمزی خەبات لەدژی ئاپارتایدی رەگەزی، ئەی کام رابەری بزوتنەوەی کوردایەتی هەیە بووبێتە رەمزی هیچ بزوتنەوەیەکی دیاریکراو لە کوردستان بۆ وەڵامدانەوە بە ئاریشەیەکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی و میژوویی؟ مستەفا بارزانی، کاتێک ئیران پشتی تێکرد، بە دەیان هەزار پیشمەرگەو جبەخانەی جەنگییەوە فەرمیاشی" کار من تمام شد" رادەگەیەنێت و کارەسات دەخاتە سەر کارەساتەکانی تری، کە بە "ئاش بەتاڵ" بەناوبانگە؟ کام رابەری بزوتنەوەی کوردایەتی بە پشت بەستن بە ئیرادەی خەڵکی کوردستان و بۆ چارەسەری پرسی ستەمی نەتەوایەتی سەر خەڵکی کوردستان، تێکۆشاوە؟ لەوانەش واوەتر کەسێک لەناو بزوتنەوەی کوردایەتیەتیدا نادۆزینەوە، کە لە زمانی خودی رابەران و کاراکتەرەکانی ئەم بزوتنەوەیەوە، کارنامەیەکی لیخنی لەسەرکوت، نۆکەر پیشەیی، تەسفیەی جەسەدی، تیرۆری کەسایەتی... نەبێت. بۆ ناسینی رابەرانی میژووی بزوتنەوەی کوردایەتی بڕوانە میژووی لانی کەم بە بێلایەن نووسراوی کاراکتەر و نووسەرانی بزوتنەوەی کوردایەتی و یان گەواهی دەرەکانیان.

حزب و بنەماڵەکان، خاوەنی رابەری خۆیانن و دەتوانن و چۆنیان دەوێت، دەتوانن بە پیرۆزیان بزانن و کە مردیشن گڵکۆکانیان بکەنە مەعبەد و پەرستگا، بەڵام مافی ئەوەیان نییە، ئەوانە وەکو رابەری خەڵکی کوردستان و بزوتنەوەی نارەزایەتی لە دژی دەسەڵاتی سەرکوتگەرانەی رژێمە دیکاتۆرەکان بناسێنن و بەسەر خەڵکی کوردستاندا وەکو رابەر بیانقەبڵێنن.

باسی پیرۆزییە نیشتیمانی نەتەوەیەکان و هێنانی یاسا بۆی، لە بنەرەتدا، بۆ پیرۆزکردنی نا پیرۆزییەکان و داسەپاندنیەتی بەسەر خەڵکی کوردستان و پیرۆزییەکانی کۆمەڵگەدا، کە یاخی بوون و نارەزایەتی بە دژی ناعەدالەتی، قبوڵ نەکردنی ئەو بەناو پیرۆزییانە، لایەنێکی سەرەکیەتی.

ئینسان و بەهای ئینسانی، ئیرادەی سیاسی ئینسان، ژیان و پاریزراوبوونی شکۆی تاکەکان، رەخنەو رەتکرنەوەی نابەرابەری و بێمافی، تیکۆشان و خەبات بۆ ئازادی و یەکسانی، دەروازە کردنەوە بۆ توێژینەوە و لیکۆڵینەوەی بی لایەنانە لەهەموو بوارێکدا،... لە ریزی پیرۆزییەکاندان.

هێنانی ئەو پرۆژە یاسایە، بۆ سەرکوتکردن و بێدەنگکردنی دەنگی بوێر و جوڵانەوەی نارەزایەتی جەماوەری و بۆ رێگەگرتنە لە پەردە هەڵماڵین لە میژووی لیخن و لیڵی بزوتنەوەی کوردایەتی و تاوانکارییەکانیان. بەکورتیەکەی هێنانی پرۆژە یاسا لە ژیر ناوی پاراستنی هیما نیشتیمانی و نەتەوەییەکان، بۆ کوشتنی پیرۆزییە ئینسانیەکان و ئیرادەو ویستە ئازادیخوازە ئینسانیەکانە.

**بۆپیشەوە، بەوێنەی زمانی تیژ و پاراو و سازشهەڵنەگری کۆمۆنیستی، بە وێنەی سەکۆی نارەزایەتی سۆشیالیستی و پێشکەوتنخوازی، وەکو مینبەری ڕۆشنکەرەوەی ڕەوتی خەباتی ڕەوای چینی کرێکارو بزوتنەوە رادیکاڵ و ئینسانییەکان، لەمەیدان دایە. بۆئەوەی بۆپێشەوە لە ڕاستای جێبەجێکردنی ئەو ئەرك و پەیامە گەورەو ئینسانیەدا، سەرکەوتوبێت... پێویستی بە هاوکاری بەردەوامی کۆمۆنیستەکان و تەواوی بەرەی چەپ و پێشکەوتنخوازو ئازادیخوازی کۆمەڵگە هەیە...**

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود
ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد
بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید
نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
شوانە حەسەن،سەردار عەبدوڵا، ئاراس ڕەشید، عەبدوڵا مەحمود، هەتاو عەبدوڵاهی، کەریم کەریم،ڕۆژ عەزیز، هیوا ساڵح، کاوان قادر،حەکیم میرزا، عەبدوڵا سلێمان" مەشخەڵ"، ئەحمەد جوانکار، ئیبراهیم حسێن...
لەگەڵ دۆسیەیەکی تایبەت بەناوی"بەرین بوونەوەی هێرش بۆسەر ئازادی و ئازادیە سیاسیەکان"

# کوشتنی شیعرێکی یاخی

"بۆ شاعیری عێراقی ئەحمەد ئەلنعێمی کە بە وشە بەگژ ستەمی عەمامە بەسەرەکانی دەسەڵات بۆوە و گیانیشی لەو ڕێیە بەخشی"


سەرزەمینی ژیان ئێستا کیژێکە و بەدیل گیراوە
کەتۆتە دەست دڕندەکانی بۆرژوا عەمامە بەسەرەکانی قوم و نەجەف
هەموو ڕۆژێ تەحەروشی جەستەی ئەکەن
ئازادییان کردووە بە فلیمی سەردەم و مێژوو
پێنج فەرزە وەک نوێژکردنیان ئەتکی ئەکەن
نیشتمان بووە بە زیندان
خەون بوە بە ئەفسانە
وشە بە چەک
هەتا بڵێی لە وشەی تووڕە دەترسن
ئەم بۆرژوا عەمامە بەسەرانەی زیندانی عێراق
چییان بوێ دەیکەن بێئەوەی لە خەڵکی چەوساوە و هەژار بپرسن
ئا ئەمانە لەژێر سایەی بێدەنگیدا
وشە دەکەن بە قەنارە
شیعر دەکەن بە تفەنگ و
خەیاڵی ڕووت بە تاوانبار
بەبەرچاوی بێدەنگییەوە شیعر لە سێدارە ئەدەن
ڕێک وەک شیعری شاعیر ئەحمەد ئەلنعێمی
خەون دەکوژن ڕێک وەک خەونە جوانەکانی شاعیر ئەحمەد ئەلنعێمی
چاوی وشە دەردەهێنن
وەکو نیگای هەڵکۆڵردراوی وشەی ئەحمەد ئەلنعێمی
ئەم عەمامە لەسەرانە درۆی بە ڕاستی
تەغلیفکراو بە ئێمە ڕەنجدەر دەفرۆشن
لەئاست ژینی نەهامەتی ئەم ڕێوییانە
وا خۆ دەنوێنن کە بۆ ئازادی ئێمە بەدەربەستن بەپەرۆشن
ئەو جەللادانەی دەسەڵات دەستیان سوورە بە خوێنی خەڵکی هەژار و
شیعرە ئیعدامکراوەکانی ساحەی تەحریر
دەستیان سوورە بە کوشتنی شەقامەکانی ڕەشید و موتەنەبی
دەستیان سوورە بە سەربڕینی باخچەکان
بە خنکانی دیجلە و فورات
بە چاوبەڵەکەکانی حەیی جەمیلە و بابولموعزەمی بریندار
ئەم بۆرژوا عەمامە لەسەرانەی حوکمی قەرەقووش پیادە دەکەن
ژێر مێزەرەکانیان پڕە لە خاشاک خاڵی لە ویژدان و عەقڵە
جێگای ئەوان باڵەخانە و قەسرەکانی ناوچەی سەوز و قەراغ دەریاچەکان نییە
جێگایان ڕاستەقینەی ئەوان ناوەڕاست تەنەکەی زبڵە
دەبا بێدەنگیی بشکێنین ئەی هاوچینان
من تێناگەم بۆچی هیچ قەسیدە و شیعرێک
فرمێسکی ئەو پەتەیان نەبینی کەچووە ملی شاعیر ئەحمەد ئەلنعێمی
من تێناگەم هیچ نیگایەک ئەو حەسرەتەی کرێنی ئیعدامەکەیان وێنا نەکرد



کە جەستەی ئەحمەد ئەلنعێمی شاعیری هەڵواسیبوو
ئەحمەد ئەلنعێمی شاعیر بوو بە شیعرێکی نەنووسراو
بوو بە کەڤاڵی ڕقێکی پڕ تووڕەیی
بە سروودی سەرزاری خەمە گەورەکان
بە ئاوێنە بۆ نیشاندانی ڕوWخساری شێوێنراوی
ئەو ژیانەی کە دیاری دەستی بۆرژوا عەمامە لەسەرەکانی حەوزەکانی نەجەف و قومی ئێرانن
ئەحمەد ئەلنعێمی شاعیر لەنێو دیرۆکی نوێی عێراق
بوو بە دارێکی زۆر بەرز کە تا ئازادی سەربڕدرێ
ئەم هەر سەوزە و هەمیشە گەڵا دەرئەکا
بوو بە دارخورمایەکی پیر
هیچ ڕەشەبایەک زەفەری پێ نابات و
هەتاکو دنیا بمێنێ ڕوو بە ئاسمان باڵا ئەکا

**شیعری: عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)**

**حوزەیرانی ٢٠١٧**








## دوا وتە

# هێما نیشتیمانی و نەتەوەییەکان

## عەبدوڵا مەحمود



فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان پرۆژە یاسایەکی بەناوی "پێشنیاری یاسای هێما نیشتیمانی و نەتەوەییەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق" ئاراستەی لیژنەی یاسایی پەرلەمان کردووە، کە بەپێی ئەم یاسایە هەر هاوڵاتیەک بە گوتار یان کردار سوکایەتی بە هێما نیشتیمانی و نەتەوەییەکان بکات، سزا دەدرێت. مەبەست لە هێما نیشتیمانییەکان" ئاڵای کوردستان، سرودی نیشتیمانی، پیشمەرگە، ڕابەرە مێژووییەکان" ن.

دیارە هیچ کەس و لایەن و کۆڕ و کۆمەڵەیەکی سیاسی و پیشەیی و جەماوەری، ئەگەر کەمترین ڕێز بۆ پرانسیبی ئینسانی دابنێت و بڕوای بە ئازادی و ئازادییەکان بێت، لەگەڵ بێڕیزی، سوکایەتی، کەسایەتی شکاندن، تەوهین، تەشیر، بوختان، جنێو... نییە و ئامانجیش لەو پرۆژە یاساییە هەرگیز لەسەر ئەمانە نییە. خۆ ئەگەر کەس و لایەنێک بڕیار بێت لەسەر ئەمانە توشی سزاو لێپرسینەوەی یاسایی بێت، ئەوا زوربەی هەرەزۆری حزب و ریکخراوە سیاسی و جەماوەری و پیشەیی و کادر و ئەندام و نووسەر و میدیای سەر بەبزوتنەوەی کوردایەتی، دەبێت ڕاپیچی زیندان بکرێن و سزا بدرێن و حزب و ڕێکخراوەکان و میدیاکانیشیان یاساغ بکرێت.

هەموو گرژییەکی سیاسی نێوان حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی، نێوان باڵ و رابەرانیان، لەسەر زۆریەک لە کێشەکانیان، دەکێشرێتە سەر سوکایەتی و بێڕێزی و شەخسیەت شکاندن و پەروەندە بۆ

بۆ لاپەڕە 12